بانگەوازێك بۆ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئاقڵمەندانی شیعە

ممدوح حەربی

وەرگێڕانی
باوکی هودا

منتدى إقرأ الثقافي

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

منتدى إقرأ الثقافي

بانگەوازێک بۆ ئاقڵمەندانی شیعە

نووسینی

ممدوح حربی

وەرگێران

باوکی هودا

منتدى إقرأ الثقافي

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : بانگەوازێک بۆ ئاقـڵمەندانی شیعە
نووسینی ممدوح حربی
وەرگێران: باوکی هودا
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٣٨٨) ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە

منتدى إقرأ الثقافي

پێشدەستی

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتدایە کاسێتێك بوو شێخ (ممدوح الحربی) گوتوویەتی وەك بانگەوازێك و ختوکەیەك بێ بۆ شیعە مەزەبەکان بەشکوم بەخەبەر بێن و لەخۆیان بپرسن بۆچی ئەم هەموو تێکەڵی و پێکەڵییە لە ئاینزاکەیانەوە هەیە؟ هەڵبەت لەبەر لادانە لە سەرچاوە راستەکەی خۆی، هەروایە حاڵی هەموو ئاینێکی ئاسمانی کاتێ کە هەڵگرانی لەسەر راستە رێیەکە لایان دا هەرکەس بە ئارەزووی خۆی راوبۆچوونی خۆی تێدەئاخنێ و سەرەنجام کورت دێنێ و تووشی تێکەڵی و پێکەڵی دەبێ و سەری لە گەنین و دوورکەوتنەوەی خەڵکی لێی دەردەچێ و بەرەو نەمان دەڕوا یا خۆی لەبەر لێشاوی حەق و راستی ناگرێ و دەبەزێ، منیش کاتێك گوێم لێگرت و پرسیارەکانم زۆر پێ جوان و سەرنج راکێش بوو بایی ئەوەی دەکرد بیخەمە سەر کاغەز و ئاقڵ مەندانی شیعەی پێ ئاشنا کەم و ئەوانەشی کە بە هەندێ هەڵسوکەوت و هزری شیعە سەرسامن با حاڵی بن کە بنچینەی ئەو ئاینزایە بەم شێوەیەیە کە دەیخوێنینەوە. هەرچەندە ئەم بابەتە زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە و دەشنوسرێ و دەشگوترێ وەك دەڵێن ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ بەڵام بەندە لێرەدا هەر ئەوەندەی پێ کراو هیوادارم هەر کەسێکی دی پێی بکرێ بە گوێرەی توانای خۆی رووناکیەك بخاتە سەر ئەم ئاینزایە تا خەڵکی لێی بە ئاگا بێن و نەخەڵەتێن.

وەرگێڕانی: باوکی هودا

٢٠١٣/٤/١

منتدى إقرأ الثقافي

بە ناوی خوای دەھەندە و دلۆڤان

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين نبينا وحبيبنا وقدوتنا وقرّة أعيننا (محمد ابن عبدالله) (صلى الله عليه وسلم).

خۆشەویستانم لە ھەر کوێیەك ھەن بە سەلامی ئەھلی ئیسلام و سەلامی خەڵکی بەھەشت سڵاوتان لێ دەکەم، لە خوا دەپاڕێمەوە وەك چۆن لێرە کۆی کردوینەتەوە ئەوھا کۆمان کاتەوە لە فیردەوسی باڵا لە ھاوسێی خۆشەویستی ھەڵبژاردە (محمدی کوڕی عبدالله) (صلى الله عليه وسلم)، حەز دەکەم ئەمشەو لە بابەتێك قسە بکەم ناوی بنێم (بانگەوازێك بۆ ئاقڵ مەندانی شیعە)، قسەکانیشم بریتین لە چەند پرسیار و گرێ کوێرەیەك لەو مەزھەبەدا دۆزیمەوە، دەمەوێ ئەو ئاقڵ مەندانە بدوێنم و ئەوانەی بە دوای حەقدا وێڵن لە نەوەکانی شیعە، تا بەشکوم وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزنەوە کە کتێبەکانی شیعە پڕی لەو جۆرە گرێ کوێرە و پرسیارانەیە و شڵەژاوی ئەو مەزھەبە دەخاتە روو، بەخێرایی دەیخەمە روو لەبەر ئەوەی زۆر و زەبەندن، دەمەوێ ئەو ئاقڵ مەندانەی لە دوای حەقدا دەگەڕێن لێ ببڕێن و ئاقڵانە بیرکەنەوە و نیەتیان پاك بکەن بۆ

منتدى إقرأ الثقافي

خوای باڵا دەست و لەو گرێ کوێرانە بگەڕێن ئەگەر راستن، لەبەر ئەوە گومانم نیە بە دوای راستیدا دەگەڕێن.

براکانم لەو پرسیار و گرێ کوێرانەی کە بوون بە گرێ، و تێکەڵی و پێکەڵی و دژایەتی زۆری تێدایە بە زۆری لەوانە:

١- شیعە وا دەزانن و بڕوایان وایە کەوا (عەلی)(خوای لێی رازی بێ) پێشەوایەکی بێ هەڵەیە (معصوم)ە، ئینجا دەبینین بە پێ لێنانی خۆیان کچەکەی کە (أم کلثوم)ە و خوشکی (حسن) و (حسین)ە (خوا لێی رازی بێ) درایە (عمری کوڕی خەتاب)(خوا لێی رازی بێ)، ئەمەش چەسپاوە لە کتێبە باوەڕ پێکراوەکانی شیعە: لە (کولەینی)یەوە لە (کافی) لە (فروع) بەرگی (٦) لاپەڕە (١١٥)و دیسان لە (تهذیب الأحکام) کە هی (طوسی)ە هەروا کتێبی (الاستبصار) و زۆر کتێبی باوەڕپێکراوی دی.

جا ئەگەر(عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) (خوا لێی رازی بێ) پێشەوای بێ خەتایە، کچەکەی کە (أم کلثوم)ە و خوشکی (حسن) و (حسین)ە بدا بە (عمری کوڕی خەتاب)، ئەوا شیعە تووشی دوو شت دەبن شیرینەکەیان تاڵە:

أ- (عەلی)(خوا لێی ڕازی بێ) بێ هەڵەو بێ گوناه نییە (معصوم) نیە لەبەر ئەوەی کچەکەی داوە بە کافرێك

منتدى إقرأ الثقافي

ئەوەش دژی بنەماکانی مەزهەبەکەیانە، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڵێین پێشەوایەکانی تریش (معصوم) نین.

ب- دەبێ بڵێین کەوا (عمر) (خوا لێی رازی بێ) موسڵمانە و (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) رازی بووە بەوەی بیکا بە زاوای خۆی، ئەوەش قسە و پەلار و ناو زڕاندنەکانی شیعە هەڵدەوەشێنێتەوە کەوا پیاوێکی نەشیاو و کافر بووە، ئەو دوو وەڵامە سەرسوڕهێنەر بوو!

٢- گرێیەکی دی، شیعە باوەڕیان وایە کەوا (ئەبو بەکر و عومەر) هەردوو کافر بوون، دەشبینین (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) کەوا پێشەوایەکی (معصوم)ە لای شیعە، رازی بووە بە جێنشینایەتیان و (خیلافەتیان) پەیمانی پێ داون یەك لە دوای یەك کە گوێ رایەڵیان بێ و دژیان نەوەستێ، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەوا (عەلی) (معصوم) نەبووە. لەبەر ئەوەی پەیمانی داوەتە دوو کافری، دوو دوژمنی خۆی و دوو ستەمکار، پەیمان پێ دان بەو دوو کافرە (پەنا بەخوا و حاشای ئەوان) بێ گوناهی (عصمة) دەڕوخێنێ لەبەر ئەوەی یارمەتی ستەمکاری تێدایە و ئەمەش لە بابایەکی (معصوم) ناوەشێتەوە.

ئەوەی دی ئەمەیە کەوا (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) ئیشەکەی زۆر راست بووە کەوا پەیمانی داوەتە (ئەبو بەکر و عومەر)(خوا لێیان

منتدى إقرأ الثقافي

رازی بێ) لەبەر ئەوە دوو جێنشینی ئیماندار و راستگۆ، بە کافریان داناون و جوێنیان پێ دەدەن و نەفرینیان لێ دەکەن و بە خیلافەتەکەشیان رازی نین. کاتێ ئێمە پرسیار دەکەین سەرمان سوڕدەمێنێ! یا دەبێ رێی باوکی (حەسەن) و (حسین) بگرین (خوا لێی رازی بێ) لە بە چاکە باسکردنی دوو جێنشینەکە، یان رێی شیعە یاخی بووەکان بگرینەبەر کە لە (حوسەینیە)کانیان بە خراپە باس لەو دووکەڵە پیاوە (ئەبو بەکر و عومەر) دەکەن. ئەمەش ئەو گرێ کوێرە و پرسیارەیە کە وەڵاممان دەوێ لەسەری.

٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) دوای مردنی (فاطمە) (خوا لێی رازی بێ) چەند ژنی تری هێنا، ئێستا دەمەوێ چاك گوێ دێری بۆ ئەو پرسیارە! وەڵامی راست و روونمان دەوێ لە زانایانی شیعە بۆ ئاقڵ مەندانی شیعە، دەڵێم (عەلی) دوای مردنی (فاطمە) چەند ژنی دی هێنا، ئەو ژنانە چەند منداڵیان بوو وەك (عەباسی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (عبداللەی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵب) و (جەعفەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (**عوسمانی** کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و دەڵێم (عوسمانی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) ئەوانە هەموویان دایکیان (أم البنين کچی حوزامی کوڕی دار)ە ئەوەشیان باسکراوە لە کتێبی (كشف الغمة في معرفة الأئمة) هی (علی الأربلي) و (ئەویش لە زانایانی شیعەیە).

منتدى إقرأ الثقافي

کوڕی تریشی هەن لەوانە (عبدالله ی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (**ئەبو بکر** کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و گوێ بگرە بە باشی (ئەبو بەکری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)، دایکیان (لیلی ی کچی مەسعودی دارەمی)ە ئەمەشیان (الأربلي) لە (کشف الغمة في معرفة الأئمة) باسی کردووە. هەروەها دیسان (یەحیای کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (محمدی ئەسغەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (عون ی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و دایکیان (ئەسمای کچی عومەیسە) هەروەها (روقیەی کچی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (**عومەری** کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) سەیرکە (عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و ئەم (عمر)ە لە تەمەنی (٣٥) ساڵی مردووە و برای (روقیە) بووە کە کچی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) بووە و دایکیان (أم حبیبەی کچی ربیعە) بووە ئەمەشیان خاوەنی کتێبی (کشف الغمة في معرفة الأئمة) باسی کردوون. دیسان (دایکی حەسەن کچی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (رەملەی کبری کچی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) و دایکیان (أم مسعود کچی عروە کوڕی مسعودی ثقفی)ە، ئەو پرسیارە و گرێ کوێرەی وەلامەکەمان دەوێ ئەی ئاقڵ مەندانی شیعە ئەوەیە، ئایا بابێك جگەر گۆشەکەی ناو دەنێ بە ناوی دوژمنترین دوژمنەکانی؟ چۆن ئەو باوکە بەغیرەتە لەسەر دینی خوا کوڕەکانی بەناوی دوژمنەکانی دەکا؟ ئایا ناوی کوڕەکانی دەنێ بە (ئەبو بەکر و

منتدى إقرأ الثقافي

عومـەر و عوسمـان)؟ دوایـی ئایـا دەزانـن کـەوا (عـەلی) یەکـەمین قورەیشـی یـە کـە کوڕەکـانی نـاو دەنـێ (ئـەبو بـەکر و عومـەر و عوسمـان)، یەکـەم قورەیشی یەکـەم پیـاو لـە هـۆزی قـورەیش نـاوی کوڕەکانی بنێ (ئەبو بەکر و عوسمان و عومەر) (عەلی)یـە (خـوا لێـی رازی بـێ). دەمانـەوێ ئـەو گـرێ کوێرانـە بکرێنـەوە و لەسـەرووی هەموویانەوە ئەم گرێیـە و وەڵامـی راسـت و دروسـتمان دەوێ تـا ئاقڵ مەندانی شیعە حەق بناس.

٤- تێکەڵیەکی دی: خاوەنی (نهج البلاغة) کە کتێبێکی بـاوەڕپێکراوە لای شـیعە باسـی کـردووە کـەوا (عـەلی) (خـوا لێـی رازی بـێ) داوای وازهێنـانی کـردووە لـە (خلافـة) (جێنشـینایەتی) و گوتویـەتی لـێم گەڕێن و یەکی تر بدۆزنەوە. ئەمەش لە کتێبی (نهج البلاغة) لاپەڕە (١٣٦)دا هاتووە.

یەکەم پێشەوای بێ خەتای بـێ گونـاهی بـێ هەڵەو پەڵەی شـیعە دەڵێ: لـێم گـەڕێن و یـەکی تـر بدۆزنـەوە (دعـوني والتمسوا غـيري). دەڵێم ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر پووچـی مەزهـەبی شـیعە: چـۆن داوای وازهێنان دەکا لە جێنشینایەتی. دانـانی بـە خەلیفـە و جێنشـین رەت دەکاتەوە؟

ئەو پێشەوایەتیە فەرمانێکی پێویستە و لـە خـواوە پێویسـتکراوە، هـەروەك کتێبـەکانی شیعە باسـی دەکـەن! چـۆن (عـەلی کـوڕی ئـەبی

منتدى إقرأ الثقافي

تاڵب) داوا دەكا ئەو روكنەی یەكەم (لای شیعە) لە ئیمان كە (ئیمامەتە) و رەتی دەكاتەوە و دەڵێ (وازم لێ بێنن و یەكی دی پەیداكەن)؟

٥- پرسیارێكی دی و گرێیەكی تر: شیعە باوەڕیان وایە كە (فاطمە) (خوا لێی رازی بێ) پارچەیەكە لە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)، خۆشی هەر وایە ئەو پاك داوێنە ئەسڵ زادەیە. شیعە وادەزانن كەوا (فاطمە) (خوا لێی رازی بێ) لە دەورانی (ئەبو بكر) (خوا لێی رازی بێ) بێ رێزكراوە و پەراسووی شكاوە و ویستیان ماڵەكەی بسوتێنن و زگیان لەباربرد، كە ناویان نابوو (محسن)، جا ئەو پرسیارە یا ئەو گرێیە ئەوەیە: ئایا (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) لە كوێ بوو؟ ئەو ئازایە، شێری شێران لە كوێ بوو؟ لەبەر چی مافی (فاطمە)ی خێزانی وەرنەگرتەوە؟ (خوا لێی رازی بێ) كچی پێغەمبەرە (دروودی خوای لێبێ)، ئەمە پرسیارێكی گەورەیە و پێویستی بە وەڵام هەیە.

٦- پرسیارێكی دی و گرێیەكی تر: زۆرێك لە گەورە پیاوانی هاوەڵان (صحابە) ژن و ژن خوازیان كردووە لەگەڵ (أهل البیت)(سەلامی خوایان لێبێ)و ژنیشیان پێ داون بە تایبەتی دوو شێخەكە (ئەبوبەكر و عومەر)(خوا لێیان رازی بێ) ئەمەش لە نێوان مێژوونوساندا لەسەری رێكەوتوون و لە نێوان ئەوانەش كە هەواڵ

منتدى إقرأ الثقافي

دەگوازنەوە لە شیعەو لە سوننە، جا پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ) عائیشەی کچی ئەبو بەکری خواستووە (خوا لێیان رازی بێ) هەروەها (حفصە)ی کچی عومەری خواستووە (خوا لێیان رازی بێ). هەروەها کچەکەی (رووقیە و ئوم کەلسوم)(خوا لێیان رازی بێ) داوەتە خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەففان)ی چاودێری خێرخواز (خوا لێی رازی بێ) لەبەر هەندێ بە (ذي النورين) ناوی دەرکردبوو، واتە (خاوەنی دوو رۆناکی).

پاشان کوڕەکەی (أبان ی کوڕی عوسمان ی کوڕی عەففان) (ئوم کلسوم)ی کچی (عبدالله)ی کوڕی(جعفر)ی کوڕی (ئەبی تاڵب)ی خواست.

هەروەها (مروان)ی کوڕی (أبان)ی کوڕی (عوسمان)ی کوڕی (عەففان) (أم القاسم)ی کچی(حسن)ی کوڕی (عەلی) کوڕی (ئەبی تاڵب)(خوا لێیان رازی بێت) خواست. ئینجا هەروەها (زەید)ی کوڕی (عەمر)ی کوڕی (عوسمان)، (عوسمان) (عەمر)ی هەبوو، (عەمر) (زەید)ی هەبوو ئەم (زەید)ە کوڕی (عەمر)ی کوڕی (عوسمان)ە، (سکینە)ی کچی(حوسەین)ی خواست، هەروەها (عبدالله)ی کوڕی (عەمر)ی کوڕی (عوسمان)، (فاطمە)ی کچی (حسین)ی کوڕی (عەلی) هێنا (خوا لێیان رازی بێت).

منتدى إقرأ الثقافي

بەو سێ خەلیفەیە وازدەهێنین و چیتر لە هاوەڵانی پێغەمبەر باس ناکەین. جا لەبەر چی تانەو تەشەر لەو سێ پێشەوایە دەدرێ و بە کەم تەماشا دەکرێن و دەڵێن کافر بوونەتەوە و هەڵگەڕاینەوە و هەر چەندە زانایانی شیعە ئەوە نادرکێنن بەرامبەر خەڵکی ڕەشۆکی و بەرامبەر موسڵمانان، بەڵام ئاقڵ مەندانی شیعە و ڕەشۆکیەکانیان، چاك دەزانن کەوا زاناکانیان تۆانج و تانەو تەشەر دەگرنە (ئەبو بەکر و عمر و عوسمان) لەناو حوسەینیەکانیان، ئەگەر وایە لەبەرچی (آل البیت) کچەکانیان دەدەنە ئەوان؟ ئەوانەش کە کوڕەکانیان بەناوی (عمر) ناوناوە لە پێشەوایانی شیعە وەك لە پێشەوە باسمان کرد (عەلی)یە کە کوڕەکەی ناوناوە (عمر الأکبر) وەك باسمان کرد دایکی ناوی (ام حبیبە)ی کچی (ربیعە)یە ، ئەو (عمر) ە لە (طف) کوژراوە. لەشەوی (طف) لەگەڵ براکەی کە (حسین) بووە کوژراوە، هەر هیچ باسی ئەو (عمر)ە ناکەن بەکوشتن مردووە و بە شەهیدی حسێب دەکەین لای خوای گەورە، بەڵام لە حوسێنیەکانی شیعە لە کاتی تازیەباری (حسین) باسی ناکەن. هەروەها (حەسەن)ی کوڕی (عەلی) کوڕەکەی ناوناوە (ئەبو بەکر و عمر)، ئەمەش لەکتێبەکانی شیعەدا هەیە لەکتێبی (الارشاد) هی (مفید) لاپەڕە (١٩٤)، و لە کتێبی (منتهی الآمال) بەرگی یەك لاپەڕە (٢٤٠)، و هەروەها لەکتێبی (جلاء العیون) هی (المجلسی) لاپەڕە (٥٨٢)دا هەیە.

منتدى إقرأ الثقافي

جا لەبەرچی باسی ئەوانە ناکەن و تانەیان لێ دەدەن (خوا لێیان رازی بێت)، پرسیارو گرێ کوێرە زۆرن بەپەلە باسیان دەکەین.

٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (کولەینی) لە کتێبی (الکافی) باسی کردووە، چاك دیقەت بدەن! پێشەوایان دەزانن کەی دەمرن! ناشمرن مەگەر بە ویستی خۆیان نەبێ! (کولەینی) بەشێکی بۆ تەرخان کردووە تیایدا دەڵێ: پێشەوایان دەزانن کەنگێ دەمرن و ناشمرن مەگەر بە ویستی خۆیان نەبێ. ئەمەشیان لە کتێبی (أصول الکافی) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٢٥٨) باسکراوە. پاشان (مجلسی) لە کتێبەکەی بە ناوی (بحار الأنوار)دا دەڵێ: هیچ پێشەوایەك نیە ئەگەر نەکوژرابێ یان ژەهر خواردوو نەکرابێ. کتێبی (بحار الأنوار) بەرگی (٤٣) لاپەڕە (٣٦٤)، ئێستا (کولەینی) دەڵێ: پێشەوایان دەزانن کەی دەمرن و ناشمرن مەگەر بە ویستی خۆیان نەبێ، ئەمەش لە (الکافی)دا هەیە. (مەجلسی) لە کتێبی (بحار الأنوار)دا دەهێنێتەوە دەڵێ: هیچ پێشەوایەك نەمردووە مەگەر بە کوشتن یان بە ژەهر خواردن نەبێ، پرسیار و گرێ کوێرەکە لێرەیە: ئەگەر پێشەوا نادیار و پەنهان بزانێ وەك (کولەینی) دەڵێ و هەروەها (الحر العاملي) باسی لێوە کردووە. ئەگەر ئەو پێشەوا بێ گوناهە غەیب بزانێ و بزانێ چ خواردنێك یا خواردنەوەیەکی بۆ دێ، ئەگەر ئەو خواردنە یا خواردنەوەیە ژەهراوی بێ دەیزانێ و نایخوا و هەر دەبێ نەیخواو

منتدى إقرأ الثقافي

نەیخواتەوە. ئەگەر بیخوا یان بیخواتەوە ئەوا خۆکوژە لەبەر ئەوەی خواردنێکی ژەهراوی خواردووە. ئەگەر خواردی یان خواردیەوە بە بکوژی خۆی حسێبە. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێ) فەرموویەتی خۆکوژ لە ناو ئاگردایە، جا شیعە رازی دەبن پێشەوایانیان لە ئاگردا بن؟

ئێوە دەڵێن پێشەوایان نادیار دەزانن و دەزانن کەی دەمرن! (مەجلیسی) دەڵێ پێشەوایان یان بە کوشتن دەمرن یان بە ژەهر خواردن، ئەگەر خواردنی بۆ هات و زانی ژەهراویە و بە ژەهراوی دەمرێ ئەمەش تانەیە لە پێشەوایەکان لەبەر ئەوە خۆکوژن. ئەوانیش پاکن لەو مەسەلانە (خوا لێیان رازی بێ)، وەڵامتان دەوێ بۆ ئەو تێکەڵی و گرێ و پرسیارە؟

٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (حسن)ی کوڕی (عەلی) (خوا لێیان رازی بێ) ئاشتەوایی کرد لەگەڵ (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان)و لە جێنشینی دابەزی بۆ ئەو لە کاتێك لایەنگیرو سوپای ئەوەندەی لەگەڵ بوو توانای هەبوو بۆ بەردەوام بوونی جەنگ لەگەڵ (معاویە)و لەبەرامبەر ئەوددا برایەکەی (حسین)(خوا لێی رازی بێ) هەڵگەڕاوە و دەرچوو لە بن دەسەڵاتی (یەزید)و لە کاتێك لایەنگیرو هاوڵی کەمبوو دەیتوانی ئاشتەوایی بکاو واز لەو شەڕە بهێنێ، جا دەبێ یەکێکیان لەسەر هەق بێ و ئەوی دی لەسەر ناهەق.

منتدى إقرأ الثقافي

لەبەر ئەوەی ئەگەر (حسن) دابەزی بۆ (معاویە)و لەگەڵ ئەوەی توانای هەبوو شەڕ بکا هەق بێ، کەواتە دەرچوونی (حسین)(خوا لێی رازی بێ) بەو کەم تفاقیە لەگەڵ توانای ئاشتەوایی کردنی ناهەق و بە هەڵە دەژمێردرێ.

ئەگەر دەرچوونی (حسین)(خوا لێی رازی بێ) لەگەڵ لاوازی و کەم تفاقی هەق بێ ئەوا دابەزینی (حسن)(خوا لێی رازی بێ) لەگەڵ هەبوونی دەسەڵات ناهەقە، ئەمەش شیعە دەخاتە هەڵوێستێك ئیرەییان پێ نابردرێ. لەبەر ئەوە شیعە دەڵێن هەردووك لەسەر هەقن، لە راستیشدا ئەوان دوو دژیان پێکەوە کۆکردۆتەوە. ئەو قسەیەش بنەچەی باوەڕی شیعە دەڕوخێنێ.

ئەگەر گوتیشیان (حسن)(خوا لێی رازی بێ) ئیشەکەی ناهەقە دەبێ بڵێن: پێشەوایەتیەکەشی ناهەقە. ئەگەر پێشەوایەتیەکەی هەڵبوەشێتەوە ئەوا پێشەوایەتی بابیشی هەڵدەوەشێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو دایناوە لە دوای خۆی، هەروەك شیعە قەناعەتیان وایە ئەمەش تێکەڵیەکی گەورە و گرێیەکی دیارە هەر دەبێ ئاقڵ مەندانی شیعە بیری لێ بکەنەوە.

٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (کولەینی) لە کتێبەکەی (الکافی)دا بەرگی یەکەم لاپەڕە (٢٣٩) قسەیەکی هێناوە دەڵێ: کۆمەڵێك لە هاوەڵمان بۆیان باس کردووین لە ئەحمەدی کوڕی محمد

منتدى إقرأ الثقافي

لە عبدالله ی کوڕی (حجان) لە ئەحمەدی کوڕی عومەری حەلەبی لە ئەبی بەسیر، دەڵێ: لە أبی عبدالله (سەلامی خوای لێبێ) چوومە ژوورەوە، پێم گوت: بە فیدات بم پرسیارێکت لێ دەکەم، لێرە کەس هەیە گوێی لێمان بێ؟ گوتی (ئەبو عبدالله) (سەلامی خوای لێبێ) پەردەیەکی بڵند کرد لە نێوان ئەو و نێوانماڵێکی دی بوو تەماشای کرد، ئینجا گوتی: ئەی (أبا محمد) چی دەپرسی بپرسە، دەڵێ گوتم: بە قوربانت بم، ئینجا ماوەیەك بێ دەنگ بوو دوایی گوتی: قورئانێکی (فاطمە)مان هەیە (سەلامی خوای لێبێ) گوتم: قورئانی (فاطمە) چییە؟ گوتی: قورئانێکە سێ جار بەقەد قورئانی ئێوەی تێدایە، قەسەم بە خوا یەك پیت لەو قورئانەی ئێوەی تێدا نیە. جوان گوێ گرە، پێشەوا سوێند دەخوا و دەڵێ بەو خوایە: یەك پیتی قورئانی ئێوەی تێدا نیە، گوتی: گوتم: سوێند بە خوا ئەوە زانستە. دەڵێ بەڕاستی زانستە، هەرچەندە ئەویش نییە، تەواو؟

تێکەڵی و پێکەڵیەکە لێرە ئەوەیە: ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) قورئانی (فاطمە)ی زانیوە؟ ئەگەر نەیزانیبێ؟ ئالول بەیت چۆنیان زانی؟ بێ ئەوەی ئەو پێیان بڵێ کە پێغەمبەری خواشە! (دروودی خوای لێبێ) ئەگەریش زانیبێتی بۆچی لە ئۆمەتەکەی شاردۆتەوە؟ کاتێ خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾

منتدى إقرأ الثقافي

[المائدة:٦٧]. واتە: ئەی نێردراوی من ئەوەی بۆ تۆ دابەزیوە ڕایگەیەنە، ئەگەر وانەکەی ئەوا پەیامەکەت ڕانەگەیاندووە برایان ئەمە تێکەڵیەکی گەورەیە وەڵامان دەوێ بۆی.

١٠- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: لە بەشی یەکەمی کتێبی (الکافی) هی (کولەینی) ناوی ئەوانە هاتووە کەوا فەرموودەیان بۆ شیعە گواستۆتەوە و قسەکانی (اهل البیت)یشیان گواستۆتەوە، لەوانە ئەم ناوانەن: جوان گوێ دێرە ئەوانە کتێبی (الکافی) هی(کولەینی)یان گواستۆتەوە. چی لێ بەدەست دێنین؟ (مفضل کوڕی عمر)، (أحمد کوڕی عمری حەلەبی)، (عومەری کوڕی ئەبان)، (عمر کوڕی أذنیە)، (عمر کوڕی عبدالعزیز)، (ابراهیم کوڕی عمر)، (عمر کوڕی حنظلة)، (موسا کوڕی عمر)، (عباس کوڕی عمر)، ئەوەی ئەو ناوانە پێکەوە کۆدەکاتەوە ناوی (عومەر)ە، جا چ ناوی (راوی) بێ یان ناوی بابی. پرسیارەکە ئەوەیە: لەبەر چی ئەو راوییانە (واتە قسە گێڕەوە و فەرموودە گوازەرەوەکان) بە ناوی (عمر) بوو (خوا لێی رازی بێ) کاتێ کە سەرسەختترین دوژمنی (أهل البیت) بووە وەك ئەوان دەڵێن؟

١١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ

منتدى إقرأ الثقافي

صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٌۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ﴾ [البقرة:١٥٥-١٥٧]، واتە: {مژدە بدە بەو ئارامگرانەی تووشی بەڵا هاتوون و دەڵێن ئێمە بۆ خواین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، ئەوانە بەزەیی خوایان بەسەردا دەڕژێ و ئەوانەشن شارەزای رێن} .

خوای گەورە دیسان دەفەرموێ ﴿وَٱلصَّـٰبِرِينَ فِى ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ﴾ [البقرة:١٧٧]. واتە: (ئەو ئارامگرانەی لە ناخۆشی و لە نەخۆشی و لە شەڕدا ئارامگرن). ئارام گرتن ئیشێکی گەورەیە، لە کتێبی (نهج البلاغة) پێشەوا (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) ئەو ئەسەرەی باس کردووە دوای مردنی پێغەمبەر (دووردی خوای لێبێ) قسە لەگەڵ ئەو دەکات واتە لەگەڵ پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ)، عەلی بەم وتانە دەڵێ: ئەگەر تۆ رێگەت نەگرتبا لە داد و فیغان و فەرمانت نەکردبا بە ئارام گرتن ئەوا ئێمە هەموو فرمێسکی چاوانمان بۆ هەڵدەڕشتی. ئەمە لە کتێبی (نهج البلاغة)دا هەیە، هەروەها لە کتێبی (مستدرك المسائل)دا هەیە، تیایدا هەیە کەوا (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) جوان گوێ بگرن ئەی ئاقڵ مەندانی شیعە: دەفەرموێ: ئەوەی لە کاتی بەڵا و موسیبەتدا لە رانی خۆی بدا ئەوا هەموو کردەوەی هەڵدەوەشێتەوە. ئەمەش لە کتێبی (الخصال) ی (الصدوق) لاپەڕە (٦٢١)دا هاتووە و لە کتێبی (وسائل

منتدى إقرأ الثقافي

الشیعە). (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) پێشەوای یەکەمی شیعە شوێن کەوتوان و هەوادارانی ئاگادار دەکاتەوە و پێیان دەڵێ ئەوەی بەدەست لە رانی بدا لە کاتی بەلاّ و موسیبەتدا ئەوا کردەوەی هەموو هەڵدەوەشێتەوە. هەروەها (حسین)(خوا لێی رازی بێ) پێشەوای دەورانی خۆی و پێشەوای دنیا بە خوشکەکەی کە (زەینەب)ە دەڵێ لە (کەربەلا) هەروەك خاوەنی کتێبی (منتهى الآمال) بە زمانی فارسی و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە کۆپیە عەرەبیەکەدا هاتووە بەرگی یەك لاپەڕە (٢٤٨)دا دەڵێ: (حسین) کە پێشەوای سێیەمە لای شیعە، ئامۆژگاری (زەینەب)ی خوشکی دەکا و دەڵێ خوشکم بە خوا سوێندت دەدەم ئەو سوێندە بپارێزە، ئەگەر کوژرام یەخە دانەدڕی و ڕوو دانەماڵی بە نینۆکەکانت و هاوار و ڕۆڕۆ نەکەی لەسەر شەهید بوونم.

(ئەبو جعفری قومی) دەگێڕێتەوە کەوا پێشەوای ئیمانداران (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) ئامۆژگاری هاوەڵانی دەکا و ئەمەش لە کتێبی (من لایحضره الفقیه) هەروەها لە کتێبی (وسائل الشیعە) هی (الحرّ العاملی)، ئەگەر بمانەوێ دیاری کەین کە (الحرّ العاملی) لە (وسائل الشیعە) لە بەرگی دووەم لاپەڕە (٩١٦) هەروەها (القمی) لە (من لایحضره الفقیه) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٢٣٢) پێشەوای ئیمانداران بە هاوەڵانی دەڵێ: جلی ڕەش مەپۆشن چونکە جلی

منتدى إقرأ الثقافي

(فیرعەون)ە، لە تەفسیری (صافی) لە تەفسیری ئایەتی ﴿وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ﴾ [الممتحنة:١٢]دا دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) پەیمانی لە ئافرەتان وەرگرتووە کەوا رەش پۆش نەبن و یەخە دانەدڕن و هاوار و رۆرۆ نەکەن. بەڵکو لە (فروع الکافی) هی (کولەینی)دا هاتووە کەوا پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) بە (فاطمە)ی گوتووە و ئامۆژگاری کردووە (درودی خوای لێبێ) کەوا مردم روو دانەماڵێ و قژ بەرەڵلا نەکەی و هاوار و رۆرۆ نەکەی و وەلامی شین گێڕان نەدەیەوە و لە خۆت نەدەی. ئەمەش هەروەك باسم کرد لە کتێبی (فروع الکافی) بەرگی پێنجەم لاپەڕە (٥٢٧)دا هاتووە. ئەمەش پیر (شێخ)ی شیعەیە (محمدی کوڕی حسین ی کوڕی بابەوەی قومی) کە لای شیعە نازناوی (الصدوق)یان لێ ناوە و دەڵێ: لە وتەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) کە فەرموودەی ((النیاحة من عمل الجاهلیة))، واتە: هاوار و رۆرۆ لە کردەی نەفامیە لە پێش ئەو نەبووە و هەروەك زانایانیان دەگێڕنەوە: (المجلسی) و (الثوری)و زۆرێك لە پێشەوایانیان لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێ) کەوا فەرموویەتی: ((صوتان ملعونان یبغضهما الله إعوان عند مصیبة أو صراخ عند مصیبة و صوت عند نعمة)). واتا: دوو دەنگ نەفرین لێکراون و خودا رکی (رق)ی لێیانە، یەکەمیان

منتدى إقرأ الثقافي

هاوارکردن لە کاتی بەڵا و ناخۆشیدا و دوومیان گۆرانی گوتن لە کاتی خۆشیدا. پرسیار و تێکەڵی کە ئاقڵ مەندانی شیعەی پێ دەدوێنم دوای ئەو هەموو گێڕانەوانە (روایات) ئەوەیە: لەبەرچی شیعە پێچەوانەی ئەو هەقەی لای خۆیانە دەجوڵێنەوە و لە ناو حوسەینیان لە خۆ دەدەن بە چەقۆ و زنجیر و خوێن لەسەر و لاشەیان دێنن، باوەڕ بەکێ بکرێ؟ بە عەمامە بەسەرەکانیان یا بە پێغەمبەر و خانەوادە پاکەکەی (خوا لێیان رازی بێ).

١٢- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر (تطبیر) واتە خوێن هێنان لەسەر لە رۆژی عاشورا وەك ئەوەی شیعە دەیکەن، لە خۆدان و سنگ کوتان و روو دامالین و رۆڕۆ پاداشتێکی گەورەی هەیە وەك بانگەشەی بۆ دەکەن؟ دەی بۆچی مەلاکانیان ئەوە ناکەن و بەتایبەت شێخەکانیان (عەمامە رەشەکان) ئەوانەی لە نەوەی (حسین)ن (خوا لێی رازی بێ) وەك خۆیان دەڵێن، بۆچی لە خۆ نادەن و خوێن لەسەر و لاشەی خۆیان ناهێنن، بۆچی تەنها ئەو هەژارە بێ دەرەتانانە ئەوانەی وادەزانن لەسەر حەقن ئەو کارە دەکەن؟ کەچی واش نین بۆچی واناکەن؟ لە ئاقڵ مەندانی شیعەمان دەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

١٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: پەرستن و بەندایەتی تەنها و تەنها بۆ خوای پاك و بێ گەردە، هەڵگەڕان و گۆڕان لە پایەکانی

منتدى إقرأ الثقافي

پەرستن و بەندایەتی و شکانەوە لەبەر دەستی خوای بەرز و باڵادەست تەنها و تەنها بۆ خوای تاك و بەرز و بێ وێنە دەبێ لەبەر هەندێ خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ﴾ واتە: بەڵکو ساتەنها الله بپەرستە.

تێکەڵیەکە لێرەیە! لەبەرچی شیعە ناوی منداڵان دەنێن (عبد الحسين) یا (عبد علی) یا (عبد الزهراء) یا (عبد الإمام)؟ لەبەرچی پێشەوا بێ خەتاکان (معصومين) وەك (حسن و حسين و کاظم و سجّاد) و پێشەواکانی تر لای شیعە کوڕەکانیان ناو نەناوە بە (عبد علی و عبدالزهراء) ئایا راستە مانای (عبدالحسين) خزمەتکاری حوسەین بێ؟ هەروەك هەندێ مەلا و عەمامە بەسەرەکان وای لێك دەدەنەوە؟ دەڵێن ئێمە کە دەڵێین (عبدالحسين) مەبەستمان پێ (خادم الحسين)ە؟ ئایا خزمەتکاری حوسەین دوای شەهیدکردنی دەبێ؟ (خوا لێی رازی بێ) ئایا ئەقڵ قبوڵ دەکا خواردن و خواردنەوەی بدرێتی و ناوی دەست نوێژی بە دەستدا بکرێ لە قەبرەکەی تا ببی بە خزمەتکاری حوسەین؟ هەروەك عەمامە بەسەرەکان بۆ خەڵکە ڕەشۆکیە هەژارەکان وا پینە دەکەن؟

١٤- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: کاتێ (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) بوو بە خەلیفە، نابینـدرێ پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆی کردبێ، نەمان بینی پێچەوانەی (ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان)

منتدى إقرأ الثقافي

بکات و قورئانێکی وا دەربێنێ جگە لەو قورئانەی ئەوان لایان بوو، هیچ شتێکی لەوان بەعەیب نەگرت و بەڵکو بە تەواتر لێی گێڕدراوەتەوە لەسەر مینبەر فەرموویەتی (خير هذه الأمة بعد نبيها أبو بكر و عمر) واتە باشترینی ئەو ئۆمەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبوبەکر و عومەرە (خوا لێیان رازی بێ). سیغەی بڕیارنەدا و زەوی فەدەکی وەرنەگرتەوە و سیغەی لە حەجدا پێویست نەکرد لەسەر خەڵکی، گۆتەی (حيّ على خير العمل) واتای فەرموون بەرەو باشترین کار، لە بانگ نەگشتاندرا و گۆتەی (الصلاة خير من النوم) واتای نوێژ خێرترە لە خەوتن، لانەبرد لە بانگدا. ئەگەر (ئەبوبەکر و عومەر) (خوا لێیان رازی بێ) کافربان و جێنشینایەتیان لە (عەلی) زەوت کردبایە وەك شیعە وا دەڵێن، لەبەرچی ئەو شتانەی نەخستە روو بەدیاری نەخست کاتێ پێشەوایەتی و خیلافەتی وەرگرت و هێز و پێزی پەیدا کرد (خوا لێی رازی بێ). بەڵکو دەبینن بەپێچەوانەی ئەوە فەرمووی (خير هذه الأمة بعد نبيها أبو بكر وعمر)، بەو ئاقڵ مەندانەی شیعە دەڵێم با ئێمەش وەکو (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) بکەین (خوا لێی رازی بێ).

١٥- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە وا دەزانن کەوا (معاويە)(خوا لێی رازی بێ) کافر بووە، دوایی دەبینین کەوا (حەسەنی کوڕی عەلی)(خوا لێی رازی بێ) لە خیلافەت بۆی دابەزی

منتدى إقرأ الثقافي

و دایە دەست ئەو، ئەویش پێشەوای دووەمی بێ خەتای (معصوم)ی شیعانە، (حەسەنی کوڕی عەلی) بۆ ئەو کافرە بێ باوەڕە (لە نەزەری شیعاندا) دادەبەزێ ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: (حەسەنی کوڕی علی)(خوا لێی رازی بێ) لە جێنشینایەتی دابەزیوە بۆ کافرێك ئەمەش پێچەوانەی بێ خەتایی و بێ گوناهیەکەیەتی (معصومیة) وەك شیعە قەناعەتیان وایە، یان ئەوەتا (معاویە) (خوا لێی رازی بێ) موسڵمان بووە و جێگیر و دادپەروەر بووە.

١٦- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: پرسیارێکە و باش بیری لێ دەکەینەوە، دروشمێکی پەرستنی دیارە لای شیعە بەگشتی و دوازدە ئیمامی بەتایبەتی، پرسیارەکە دەڵێ: ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) لەسەر خۆڵی (حوسەین)ی سوژدەی بردووە؟ کە ئێستا شیعە سوژدەی لەسەر دەبەن؟ پێشی دەڵێن گڵی کەربەلایی، ئەگەر مەلا و زاناکانی شیعە گوتیان بەڵێ، دەڵێین درۆیە! ئەمە جێگیر نەبووە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێبێ)، ﴿هَاتُواْ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ دە بەڵگە بێنن ئەگەر راست دەکەن؟ ئەگەر بڵێن سوژدەی لەسەر نەبردووە کە ئەوەشیان راستە، دەڵێین: ئەگەر وایە، ئێوە شارەزاترن لە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)؟ ئەگەر ئەو وای نەکردووە ئێوە بۆ وا دەکەن؟ لەگەڵ هەندێ گێڕدراوەکانی شیعە دەڵێن: جوبرائیل (سەلامی خوای لێبێ) هاتە لای پێغەمبەر (درودی

منتدى إقرأ الثقافي

خوای لێبێ) گڵی کەربەلای هێنا و هەندێ وتەی گێڕدراوەکان هەن دەڵێن: ئەو زەویە (حسین)ی تێدا دەکوژرێ، یان خوێنی (حوسەین) تێکەڵ بەم گڵە دەبێ، لەو کاتە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) گریا وەکو ریوایەتەکانیان دەڵێن. کەوا گڵەکە لە دەستی پێغەمبەر بووە (دروودی خوای لێبێ) بۆ سوژدەی لەسەر نەبرد؟ ئایا شیعە رێ شارەزاترن لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ)؟ ئەمە تێکەڵیەکە و پرسیارێکە و پێویستی بە وەڵام هەیە.

١٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لافی ئەوە لێ دەدەن کە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) هەڵگەڕاونەتەوە دوای مردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) پێش مردنی ئەو شیعەی دوازدە ئیمامی بوون؟ ئینجا هەڵگەڕاونەتەوە دوای مردنی بۆ سوننەی ناسیبی (دژایەتی کردنی ئال و بەیت)، یان پێش مردنی ئەهلی سوننە بوون دوایی بوون بە شیعەی دوازدە ئیمامی؟ لەبەر ئەوە هەڵگەڕانەوە گواستنەوەیە لە حاڵێك بۆ حاڵێکی تر، وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە! موسڵمان بوون دوایی وەرگەڕاون و گۆڕاون هەروەك گێڕانەوەکانی (شیعە) وادەڵێن، سەرەتا لە دەورانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) ئایا هاوەڵان (أصحاب) شیعەی دوازدە ئیمامی بوون؟ دوایی گۆڕان بۆ سوننە؟ یا سوننە بوون و

منتدى إقرأ الثقافي

شیعەیان نەناسیوە و دوایی بوون بەشیعەی دوازدە ئیمامی، وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە؟

١٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: دیارە کە (حسن) (خوای لێ رازی بێ) کوڕی (عەلی)یە وە دایکیشی (فاطمة)ی پاك داوێن و ڕێزدارە (خوا لێی رازی بێ)و لە خەڵکی (کساء)ە لای شیعە و لە پێشەوایانی بێ گوناهە (معصوم)ەو پلەی وەك پلەی (حسین)ی برای وایە، پرسیار لێرە ئەوەیە: بۆچی ئیمامەت (پێشەوایەتی) بڕاو نەما لە نەوەی (حسن)و لە نەوەی (حسین) بەردەوام بوو؟ دایك و باوکیان یەکە و هەردووك گەورەی گەنجانی بەهەشتن بەڵکو (حسن) شتێکی تری لە (حسین) زیاترە ئەویش ئەوەیە پێش ئەو لە دایك بووە و بەتەمەن ترە و یەکەم کوڕی باوکیەتی، لەبەرچی پێشەوایەتی لەوڕا بڕا لە منداڵەکانی (حسن)و خرایە سەر منداڵانی (حسین) ئەمە پرسیارە و بەوپەڕی زانست و ڕوونیەوە پێویستی بە وەڵام هەیە.

١٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: لەبەرچی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)(خوا لێی رازی بێ) لە ڕۆژانی نەخۆشی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) یەك نوێژی بە خەڵکی نەکردووە (واتە پێش نوێژی نەکردووە بۆ خەڵك)؟ ئەو نەخۆشیەی تیایدا وەفاتی کرد، ئەگەر (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) لە دوای ئەو جێنشینی یەکەمە وەکو ئێوە ڕاتان وایە؟ و ئەوەش بنچینەیەکە لە بنچینەکانی دین! دەبێ

منتدى إقرأ الثقافي

(متـواتر) بـێ واتـه كۆمـەڵێكی زۆر لـه كۆمـەڵێكی زۆر گێڕابیانـەوه، بەڵكو بنچینەیەكه له بنچینەكانی دین، جا لەبـەر چی لـه نەخۆشـی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لێبـێ) پـێش نوێـژی بـۆ خـەڵكی نـەكرد؟ نـاڵێین دوای مردنـی، لەبـەر چـی تـەنها یـەك نوێژیشـی نـەكرد؟ پێغەمبەریش (دروودی خـوای لێبـێ) فـەرمانی پـێ نـەكرد كـه تـەنها یەك نوێژ بكات؟

پێشـەوایەتی گچـكەش بەڵگەیـه لەسـەر پێشـەوایەتی گـەورە، ئەمەش پرسیارێكه و پێویستی به وەڵام دانەوه هەیه.

٢٠- پرسیارێكی دی و گرێیەكی تر: ئێوه (شیعه) دەڵێن: هۆی دیـار نـەمانی پێشـەوایەتی دوازدەمـین كـه (محمـدی كـوڕی حسـنی عەسـكەری)یه لـه سـەردابی سـامەڕا، ترسـان لـه سـتەمكاران بـووه هەروەك زۆرێك له ریوایاتی خۆتان باسی لێوه دەكەن! جـا لەبەرچـی ئەو خۆشاردنەوەیه بەردەوام بوو و درێژ بووەوه لەگەڵ نـەمانی ئـەو مەترسیەش و دروسـت بـوونی هەنـدێ دەوڵـەتی شیعه بـه درێـژایی مێـژوو وەك (عوبەیدیـەكان و فـاتحی یـەكان و بـوەیهی یـەكان و سەفەویەكان) دوا دەوڵەتیش ئێرانی هاوچەرخه كه ئێستا لـه هـەوڵی دروستكردنی چەكی ئەتۆمیدایه، لەبەرچی هەتا ئێستا لـەو سـەردابه دەرنەهاتووه؟ كاتـێ كـه ئێـوه دەڵێن خۆشـاردنەوەی تـەنها لـه ترسـی ستەمكاران بووه! لەبەر زەبر و زەنگی زۆرداران بووه كەچی دەوڵەتی

منتدى إقرأ الثقافي

بەهێزی شیعە بە درێژایی مێژوو دروست بوون، بۆچی تا ئێستا دەرنەچووە؟ خۆ شیعە ئێستا دەتوانن بیپارێزن و پاڵپشتی لێ بکەن لە وڵاتەکەی خۆیان و ژمارەیان بە ملیۆنەهایە و بەیانی و ئێوارەش بە قوربانی دەبن! وەڵامی ئەو تێکەڵێ و پرسیارەمان دەوێ.

٢١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (کولەینی) بەشێکی سەربەخۆی لە کتێبی (الکافی)دا بە ناونیشانی (إن النساء لایرثن من العقار شيء) واتە: (ئافرەتان لە زەوی و زاردا هیچ بە میرات ناگرن) تیایدا گێڕدراوەتەوە لە (أبی جعفر) گوتی: (النساء لا يرثن من الأرض ولا من العقار شيئا) ئەوەیان لە بەرگی حەفتەم، لاپەڕە (١٢٧)، کتێبی (الفروع الكافي) هی کولەینی هاتووە.

(طوسی) گێڕایتیەوە کە دەڵێ: (سألت أبا عبدالله (عليه السلام) عن النساء مالهن من الميراث، قال قيمة الطوب والبناء والخشب والقصب فأما الأرض والعقار فلا ميراث لهن فيها). واتا: لە (ئەبو عبدالله)م پرسی (سەلامی خوای لێبێ) دەربارەی بەشی ئافرەتان لە میرات، گوتی پارەی دار و قامیش و خشت و قوڕ و بیناکردنیان دەکەوێ بەڵام زەوی و زار هیچ میراتیان نیە.

لە (محمدی کوڕی مسلم) لە (أبی جعفر) دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئافرەتان لە زەوی و زار هیچ بە میرات ناگرن. لە (عبدالملك ی کوڕی الأعين) لە یەکێکیانەوە واتە لە یەکێك لە پێشەوا بێ گوناهەکان و

منتدى إقرأ الثقافي

پاکەکان (معصومین) لەلای شیعە، دەگێڕێتەوە دەڵێ: (لیس للنساء من الدور والعقار شيء). واتە: ئافرەتان هیچ لە خانوو و زەوی و زار بە میرات ناگرن. ئەو ریوایەتانە هیچ تایبەتمەندی و دیاری کردنێکی تێدا نیە بۆ (فاطمە)(خوا لێی رازی بێ)و نە بۆ کەسی دیکە. بەو پێ و دانگە (فاطمە)(خوا لێی رازی بێ) بەپێی گێڕانەوەکانی شیعە. لەبەر ئەوەی شیعە تانە لە (ئەبوبەکر) دەدەن (خوا لێی رازی بێ)و دەڵێن میراتی ناوچەی (فدك)ی لە (فاطمە)(خوا لێی رازی بێ) زەوت کردووە، هەروەها دەڵێن: ئەوەی هی پێغەمبەر بێ (صلى الله عليه وسلم) بۆ (إمام) دەبێ. سەرنج بدە لە ریوایەتەکانی شیعە هاتووە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە جێمابێ هی پێشەوایە(إمام).

سا لە (محمدی کوڕی یەحیا) لە (ئەحمەدی کوڕی محمد) بەرزی کردۆتەوە لە (عەمری کوڕی شەم) لە (جابر) لە (ئەبی جعفر)(سەلامی خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) فەرموویەتی: ((خلق الله آدم فأقطعه الدنيا قطيعة فما كان لآدم -عليه السلام- فلرسول الله (صلى الله عليه وسلم) وما كان للرسول فهو للأئمة من آل محمد). واتە: خوای گەورە ئادەمی دروست کردوە لە دنیای دابڕی جا ئەوەی لە ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) جێمابێ بۆ پێغەمبەری خوایە (دروودی خوای لەسەر بێ) ئەوەش هی پێغەمبەر بێ ئەوا بۆ پێشەوایانی ئالی (محمد)ە. ئەوەش لەکتێبی (أصول الكافي)

منتدى إقرأ الثقافي

دانراوی (کولەینی)دا هاتووە. هەروەها لەکتێبی (الحجة) بەشی (أن الآرض کلها للأمام -علیه السلام-) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٤٧٦)دا هەیە.

پێشەوای یەکەم دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) بە گوێرەی باوەڕی شیعە (عەلی)یە (خوا لێی رازی بێ) لەبەر ئەوەی ئەو شایانترە بەداوا کردنی زەوی (فدك) نەك (فاطمة) (خوا لێی رازی بێ)، نەشمان بینیوە کەوا (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) داوای بکات، وەڵاممان دەوێ بۆ ئەم پرسیارە.

٣٢- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەهلی سوننە و جەماعە و هەروەها شیعەش کۆکن لەسەر ئەوەی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) (خوا لێی رازی بێ) ئازا بووە و هیچ تۆز و گەردی لەسەر نیە و بۆ خوا لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێ، ئەو ئازایەتیەش یەك چرکە لێی دانەبڕاوە لە ژیانیدا هەتا لەسەر دەستی (ابن ملجم) شەهید کرا. هەروەك زاندراوە و دیارە شیعە دەڵێن (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) (خوا لێی رازێ بێ) جێنشینی پێغەمبەرە (دروودی خوای لێبێ) یەکسەر، ئاماژەی پێ کراوە بێ ئەوەی ماوەیەك هەبێ دوای پێغەمبەر بەڵکو یەکسەر دوای مردنی پێغەمبەر (صلی علیه وسلم) ببێ بە خەلیفە، دەڵێن لێرە پرسیار و تێکەڵی پەیدا دەبێ؟ ئایا ئازایەتی (عەلی) وەستاوە و نەماوە دوای مردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) هەتا پەیمان بدا بە (ئەبوبەکری راستگۆ)(خوا لێی رازی بێ)، دوای ئەویش

منتدى إقرأ الثقافي

پەیمان بدا بە (فاروق)(عومەری کوڕی خەتاب)(خوا لێی رازی بێ)، دوای ئەویش یەکسەر پەیمان (مبایعە) بدا بە (ذي النورین)(عثمانی کوڕی عەفان)(خوا لێی رازی بێ)، ئایا نەیدەتوانی بچێتە سەر مینبەری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش با لە ماوەی حوکمڕانی ئەو سێ خەلیفەدا و بە ئاشکرا بڵێ خیلافەت (جێنشینایەتی) لە من زەفت کراوە و من شایانترم، لەبەر ئەوە بۆ داوای حەقی خۆی نەکرد؟ لە کاتێکدا کە ئەو لە ئازایەتیدا ئەوە و نەترساوە بەرەو رووی شتان بڕوا لەسەر هەق و زۆریش لایەنگیرو خۆشەویستی هەبوون دەوریان دابوو دەوریشیان دەدا ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش باسی کردایە لەسەر مینبەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ).

٢٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: فەرموودەی (کساء) کە چوار کەس لە بنەماڵەی (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) دەگرێتە خۆی و باسیان دەکا بە پاکی و ئەوانەش (عەلی و فاطمە و حسن و حسین)ن (خوا رازی بێ لە هەموویان)، پرسیارەکە ئەوەیە: بەڵگە چییە لەسەر پاکێتی و بێ گوناهی (عصمة)ی جگە لەوان؟ ئەگەر فەرموودەی (الکساء)ی ئاشکرا لە پاکێتی و بێ گوناهی ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەو چوارەدایە لە (عەلی و فاطمە و حسن و حسین)(خوا لێیان رازی بێ) بەڵگە چییە لەسەر بێجگە لەوان؟ لە

منتدى إقرأ الثقافي

بێ گوناهی و پاکێتی (التطهير والعصمة)و پێغەمبەر لەم چوارە بەدەر باسی ئەوانی دی نەکردووە؟ وەلامم دەوێ لەسەر ئەو پرسیارە؟

٢٤- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لە ئیمام (جعفری صادق) کە دانەری مەزهەبی (جەعفەری)یە وەك بڕوای شیعە وایە دەگێڕنەوە بە شانازیەوە دەڵێ: دوو جاران لە (ئەبوبەکر) بوومە: سەرنج بدە (جعفری صادق) پێشەوای (معصوم) بە پێی بۆچوونی شیعە و دامەزرێنەری مەزهەبی جەعفەری لای شیعەی دوازدە ئیمامی دەڵێ: (ئەبوبەکر) دووجار منی لێ بووە. ئەوەش لە کتێبی (كشف الغمة) هی (أربلي)، بەرگی دووەم، لاپەڕە (٢٧٣) دەڵێ: دووجار لە (ئەبوبەکر) بوومە لەبەر ئەوە رەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ (ئەبوبەکر) لە دوو رێگاوە.

١- لە رێگەی دایکیەوە (فاطمە ی کچی قاسم ی کوڕی ئەبوبەکر).

٢- لە رێی دایکی دایکییەوە (ئەسمای کچی عبدالرحمن ی کوڕی ئەبوبەکر) کە دایکی (فاطمەی کچی قاسم ی کوڕی ئەبوبەکر)ە.

ئەوجا دەبینین شیعە گێڕانەوەی درۆ هەڵدەبەستن لە (جعفری صادق) کە زەمی باپیری دەکات (ئەبوبکر - خوا لێی رازی بێ) ئەمەیان چۆن دەبێ؟ چۆن لە لایەکی ئەو (صادق)ە راستگۆیە شانازی دەکا بە باپیریەوە و لە لایەکی دی تانە و تەشەری لێ دەدا؟

منتدى إقرأ الثقافي

ئەم قسەیە لە لای کەسێکی نەفامی بازاڕانەوە دەکرێ، قەت لە لایەن پێشەوایەکی وا شیعە بە زاناترین کەسی سەردەمی خۆی دەزانن ناکرێ؟ کەس ناچار نییە بە درۆی بخاتەوە یا رەخنە بگرێ یا پێیدا بڵێ؟ وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو تێکەڵ کردنە.

٣٥- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لافی ئەوە لێ دەدەن کەوا (عمر) رقی لە (عەلی) دەبۆوە، زانایانی شیعە لە حوسەینیەکانیان و لە دانیشتنەکانیان و کۆڕەکان و کتێبەکانیان دەڵێن کەوا کاتێ (عمر)(خوا لێی رازی بێ) چوو بۆ وەرگرتنی کلیلەکانی (بیت المقدس) (عەلی) کردە (والی) لەسەر شاری (مەدینە)! ئەمە چۆن دەبێ؟ (عومەر)ێك رکی لە (عەلی)بێ و خۆشی لێ نەیە، کاتێ بچێ بۆ وەرگرتنی کلیلەکانی (بیت المقدس) بیکا بە پێشەوا و ئەمیر لەسەر شاری پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێبێ)، دەبێ ئەوەش بزانین کە (عەلی) دەبێ بە خەلیفە کاتێ (عمر) لەو سەفەرە کوژرابا؟ کێ لە دوای ئەو دەبێ بە خەلیفە، کاتێ کە (عمر) لە جێی خۆی داناوە لەسەر شاری (مدینة) ئەمە چۆن دەبێ؟ چۆن شیعە دەڵێن (عومەری کوڕی خەتاب) رقی لە (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) دەبێتەوە و دوایی ئەمیرایەتی دەداتە دەست (عەلی)؟ وەڵاممان دەوێ لەسەر ئەو پرسیارە؟

منتدى إقرأ الثقافي

٣٦- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: باش گوێ گرن ئەی ئاقڵمەندانی شیعە: زانایانی شیعە ڕایان وایە ئەو ئەندامانەی دەکەونە سەر زەوی لە کاتی سوژدە بردندا هەشتن: ناوچەوان، لووت، هەردوو لەپی دەست، هەردوو چۆك (ئەژنۆ)، هەردوو پێ. ئەو ئەندامانە دەبێ بەر زەوی بکەون لە کاتی سوژدە برندا. ئەمەشیان لە کتێبی (وسائل الشيعة) هی (حرّ العاملي) بەرگی سێیەم، لاپەڕە (٥٩٨)دا هاتووە. هەروەها دەڵێن سوژدە لەسەر ئەو شتانە دەبردرێ کە ناخورێ و لەبەر ناکرێ، لەبەر هەندێ خۆڵ لە بن ناوچەوانیان دادەنێن لە کاتی سوژدە بردندا، لە بن یەك ئەندام لەو هەشت ئەندامە؟ پرسیارەکە ئەوەیە لەبەرچی شیعە (خۆڵی حوسەین) کە تێکەڵی خوێنی پاکی (حوسەین) بووە لە بن هەموو ئەندامەکان دانانێن؟ بۆچی تەنها تایبەتمەندیتاندا بە ناوچەوان و لە کاتێکدا ئێوە فەرمانتان پێکراوە لەسەر هەشت ئەندام سوژدە ببەن؟ هیچ بەڵگەش نیە بۆ ئەو تایبەت کردنە، ئەمە دژایەتی یەکترە و تێکەڵ کردنە و وەڵامان دەوێ.

٣٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: لە هەندێ گێڕانەوەکانی (ریوایات) شیعەدا لە کتێبی (الغيبة) هی (الطوسي)دا هاتووە کەوا شیعە وا دەزانن وەکو لە هەندێ لە ریوایەتەکاندا هاتووە کە (مهدي) ئیمامی دوازدەهەم (محمەدی کوڕی حەسەنی عەسکەری) کاتێ

منتدى إقرأ الثقافي

لەسەردابەکە لە کۆتایی دنیادا دێتە دەرەوە بە حوکمی (ئالی داوود) حوکم دەدا. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەی شەریعەتی محمد (درووودی خوای لێبێ) لە کوێیە؟ کە هەموو شەریعەتەکانی پێش خۆی سڕیوەتەوە بۆچی بە شەریعەتی (ئالی داوود) فەرمانڕەوایی دەکا؟

٢٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: چاك گوێ دێرن! شیعە قەناعەتیان وایە کەوا پێشەواکانیان لە لاتەنیشتی دایکانیانەوە هەڵدەگیرێن و لە رانی راستیانەوە لە دایك دەبن. ئەمە (المسعودي) لە کتێبی (إثبات الوصية) لاپەڕە (١٩٦)دا باسی کردووە. پرسیارەکە لێرە ئەوەیە: ئایا (محمد)(درووودی خوای لێبێ) بەرێزترینی پێغەمبەران و چاکترین پێشەوا نەبووە، گەورەترین کەس نەبووە کە پای ناوەتە سەر ئەم زەوینە؟ ئەدی لەبەرچی دایکی لەسکی دا هەڵی گرت و لە تۆلی دا هاتە دەرەوە (رحم)؟ بۆچی لە ڕانی راستی لە دایك نەبوو؟ ئەمە پرسیارێکە و دژایەتی و تێکەڵی ئەو ئاینزایە و سەرمڕۆیی ئەو بۆچوونە دەخاتە روو، وەڵاممان دەوێ بۆی.

٢٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لە (أبی عبدالله جعفری صادق)ەوە دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی (صاحب هذا الأمر رجل لايسميه باسمه إلاّ كافر) واتای: خاوەنی ئەم (دۆزە) پیاوێکە کەسێك کەس بە ناوی ئەو ناکا مەگەر کافر نەبێ. ئەوەش لە کتێبی (الأنوار النعمانية)دا هاتووە. دیسان لە (أبی محمدی کوڕی حسن ی

منتدى إقرأ الثقافي

عەسـکەری) دەگێڕنەوە کەوا بە دایکی (مهدی) گوتووە کە بە نێرینەك ئاوس دەبێ و ناویشی (محمد) دەبێ و لە دوای من ئەو کارە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەمەش لە کتێبی (الأنوار النعمانیة) بەرگی دووەم لاپەڕە (٥٥)دا هاتووە. واتە دوو لاپەڕە پاش فەرموودەی یەکەم چونکە ئەوەی یەکەم لە بەرگی دووەم لاپەڕە (٥٣)دا هاتووە. جا ئێستا لە ریوایەتی یەکەم هاتووە کەوا (أبا عبدالله ی جعفری صادق) دەڵێ: خاوەنی ئەم (دۆزە) پیاوێکە کەس ناوی نانێ بەو ناوە مەگەر کافر نەبێ. واتە ناوەکەی ئەو پێشەوایە دەڵێ و کەسیش بەو ناوە ناو لێ نانێ مەگەر کافر نەبێ، دەشبینین کەوا (أبی محمد حسن ی عەسکەری) بە دایکی (مهدی) گوتووە دوای دوو لاپەڕە یەکسەر لە دوای فەرموودەی یەکەم دەڵێ نێرینەیەك لە سکتدا هەڵدەگری ناویشی (محمد)ە و جێنشینی من دەبێ. ئایا ئەمە دژایەتی نیە؟ جارێ دەڵێن ئەوەی بە ناوی ئەو بانگ کرێ و ناو بنرێ کافرە و جارێ دەڵێن (حسن ی عەسکەری) ناوی ناوە (محمد)، ئەمە پرسیارێکە و وەڵاممان لەسەری دەوێ.

٣٠- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر یەکێك ویستی ببێ بە شیعە یا بڵێین ئەمن ئێستا ویستم ببم بە شیعە ئەو مەزهەبە کامەیە بیگرمە بەر؟ لە نێوان ئەو هەموو مەزهەبە زۆرانەدا لە نێوان ئیمامی و ئیسماعیلی و ئیسماعیلیش بەچینەکانیەوە

منتدى إقرأ الثقافي

(ئیسماعیلی و ئەزخانی و ئیسماعیلی مەکاریمە و ئیسماعیلی بوهرە) و لە نێوان نوسەیری و عەلەوی و دروز و زەیدی و زۆرێك لەمەزهەبە شیعییەکان؟ هەر هەموویان لافی ئەوە لێ دەدەن کەوا سەر بە ئال و بەیتی پێغەمبەرن (درودی خوای لێبێ) و هەمووشیان دان دەنێن بە ئیمامەتی (عەلی) و دەڵێن روکنێکە لە روکنەکانی دین و دەشڵێن یەکەمین خەلیفەیە دوای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێ ماوە و بنچینەی دینی پێیە و بە چاکە باسی پێشەوایەکان دەکەن. جا ئەو مەزهەبە کامەیە بیگرینە بەر؟ دوازدە ئیمامی یا ئیسماعیلی بە هەموو جۆرەکانیەوە یا نوسەیری و عەلەوی یا دروز (پاشماوەی فاطمی یەکان)؟ ئەمەش پێویستی بە جێگیرکردن و وەڵام هەیە.

٣١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: کاتێ شیعە دەیانەوێ پێشەوایەتی (إمامة)ی دوازدە ئیمامی بسەلمێنن بەڵگە بە فەرموودەی (الکساء) دەهێننەوە کەوا پێغەمبەر (درودی خوای لێبێ) بە چوار کەسی داناون پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: (فاطمة) (خوا لێی رازی بێ) لە فەرموودەی (الکساء)دا ناوی هاتووە بە دەقێکی ئاشکرا و راست سا لەبەرچی لە ئیمامەت دوور دەخرێتەوە و لەگەڵ دوازدە ئیمامەکە حسێب ناکرێ؟ لەبەرچی (فاطمة)تان وەدەرناوە کاتێ پێغەمبەر

منتدى إقرأ الثقافي

فەرمووی (عەلی و فاطمە و حسن و حوسەین)ن! ئەمەش تێکەڵ کردنێکە و پێویستی بە بەڵگە هەیە.

٣٢- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بۆچی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) کاتێ (ئیبراهیم)ی کوڕی مرد لە خۆی نەدا وەك ئەوەی شیعە لە خۆ دەدەن؟ لە حوسەینییەکان؟ لەبەرچی (عەلی) کە یەکەمین پێشەوایە لای شیعە کاتێ کە (فاطمە)(خوا لێی رازی بێ) مرد لە خۆی نەدا؟ بۆچی یەخەی دانەدڕی و بەزنجیر لە خۆی نەدا و خوێنی لە خۆ نەهێنا؟ کاتێ ئەمە لای ئێوە دینە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە.

٣٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە باوەڕیان وایە کە زۆربەی هەرە زۆری سەحابە دووڕوو (منافق) و کافر و هەڵگەڕاوە بوون تەنها کەمێکی کەم نەبێ، ئەمەش ئەوەیە کە عەمامە بەسەرەکان لە ناو حوسەینییەکان باسی لێوە دەکەن، ئاقڵ مەندانی شیعەش دان بەو باسکردنەدا دەنێن. بۆچی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) دوای مردنی، ئەو هەڵگەڕاوە دوو ڕووە زۆرانە ئەو کەمینەیان لە ناو نەبرد کە لەگەڵ پێغەمبەردا بوون؟ ئەگەر بڵێین دوای مردنی ئەو هەڵگەڕانەوە تەنها حەوت کەسیان نەبن لەبەر ئەوەی لە کتێبەکانی شیعەدا لەوانە (کولەینی)دا هاتووە کەوا هاوەڵان هەموو هەڵگەڕانەوە تەنها حەوتیان نەبێ یان بە کەمترین حاڵ کەمینەیەکی

منتدى إقرأ الثقافي

کەم بوون، باشە لەبەر چی ئەو زۆرینە هەڵگەڕاوە هێرشیان نەکردە سەر ئەو کەمینەیە و لەبەینیان نەبردن و نەیان کوشتن؟ بۆ خەڵکیان نەگێڕایەوە سەر کوفر و نەفامی وەك ئەوەی باب و باپیرانیان لەسەری بوون؟ کاتێ ئێوە دەڵێن دووڕوو بوون و هەڵگەڕانەوە و چاوەڕێی مردنی پێغەمبەر بوون، دوای هەڵگەڕانەوە و دژایەتیان کرد کەوا بوو هاوەڵان بۆ نەچوونەوە سەر ئاینی باو و باپیرانیان؟ کە نەفامی کۆن بوو؟ بۆچی ئەو کەمەی مابوونەوە لەسەر ئیسلام لە بەینیان نەبردن کە دەڵێن حەفت کەس بوون یان کەمتر؟ ئەمەش پێویستی بە وەڵام هەیە ئەی گەلی ئاقڵ مەندان؟

٣٤- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە دەڵێن گریان لەسەر (حوسەین) (خوا لێی رازی بێ (مستحب)ە واتە شتێکی پەسەندە لە شەرعی ئیسلامدا، ئایا ئەو پەسەندکردنە لەسەر بەڵگە بنیات نراوە؟ یان لەسەر هەوا و ئارەزوو؟ ئەگەر لەسەر بەڵگەیە، کامەیە؟ ئەو بەڵگەیە کامەیە کە دەڵێ گریان لەسەر (حسین) رێی پێدراوە؟ دەبێ ئەوە بزاندرێ کەوا (حوسەین)(خوا لێی رازی بێ) ئامۆژگاری خوشکەکەی دەکا کەوا لەبەر ئەو یەخە دانەدڕێ و لە خۆی نەدا و رۆڕۆ نەکا لەبەر شەهید بوونی ئەو. ئەو بەڵگەیە لە کوێیە؟ دوایی بۆ یەکێك لەو پێشەوایانەی کە بەدوایان کەوتوون بۆ وایان نەکرد؟ وەڵامی ئەو پرسیارەشمان دەوێ.

منتدى إقرأ الثقافي

٣٥- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە باوەڕیان وایە کەوا (عەلی کوڕی ئەبی تالِب)(خوا لێی رازی بێ) لە (حوسەین)ی کوڕی باشتر و بەرێزترە لای خوا، ئەگەر وایە بۆچی لە یادی کوشتن و شەهیدکردنی (عەلی) ناگرین وەك لەسەر (حوسەین) دەگرین؟ خۆ ئەو گەورەترە و کوژراویشە وەك کوڕەکەی کە (حوسەین)ە، دیسان ئایا پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ) لە هەردووکیان باشتر نەبووە؟ بۆچی بۆ مردنی ئەو ناگرین؟ لە خۆ بدەن و تازیە بار بن لەبەر ئەوەی لە هەموان رێزدار و گەورەترە و لەسەر دەستی جوولەکەش ژەهر خواردکرا و هەر بەوەشەوە مرد؟ ئەی بۆچی ناوی حوسەینیەکانتان بە ناوی یەکەم (إمام) نانێن؟ بڵێن (علویات) یان (محمدیات) بۆچی دەیگێڕنەوە بۆ (حسین)(خوا لێی رازی بێ) یا بە ناوی هەموو پێشەواکان ناکەن؟

٣٦- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر (ولایة) واتا (جێنشینایەتی)(عەلی کوڕی ئەبی تالِب)(خوا لێی رازی بێ) لەگەڵ کوڕەکانی (رکن)ێکە لە ئاین و بێ ئەو (إیمان) دانامەزرێ و ئەوی باوەڕی وانەبێ کافرە و شایانی دۆزەخە، هەروەك لە کتێبی پێشەوایانی شیعەدا هاتووە، هەرچەند شایەدی بدا بەوەی بێجگە لە خوا کەس شیاوی پەرستن نیە و (محمد)یش نێردراوی خوایە و نوێژ بکاو زەکات بدا و رۆژووش بگرێ و حەجی ماڵی خواش بەجێ

منتدى إقرأ الثقافي

بگەیەنێ، وەك شیعە قەناعەتیان وایە! ئەگەر وایە بۆچی ئەو (رکن)ە گەورەیە لە قورئاندا بە راشکاوانە باسی لێوە نەکراوە، ئەگەر ئەو مەسەلەیە لەو ئاستە و وا گەورەیە، دین بەو نەبێ دانەمەزرێ ئەگەر نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکاتیشی هەتا شەهادەشی لەگەڵدا هەبێ بۆ لە کتێبی خوادا نەهاتووە کە قورئانە؟ کەچی دەبینین خوای گەورە باسی ئەو (رکن)انەی کردووە کە لە خوار (إمامة)ەوەن لای شیعە لە قورئاندا وەك نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج، بەڵکو خوای گەورە باسی هەندێ شتی رێ پێدراوی کردووە وەك (ڕاوکردن) بۆ نموونە، جا کوا بەڵگە بۆ (رکن)ی هەرە گەورە و هەرە بەرز کە (إمامة)یە وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە.

٣٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە باوەڕیان وایە کە (قورئان) هەندێ ئایەتی فرتێندراوە و هەندێکی تری گۆڕاوە بە دەستی (ئەبوبەکر) و (عمر)(خوا لێیان رازی بێ)، دەگێڕنەوە کەوا (ئەبی جعفر)، یان لە (ئەبی جەعفەر)ەوە کەوا لێیان پرسیوە بۆچی (عەلی) پێی گوتراوە (أمیر المؤمنین) گوتی (الله) ناوی ناوە و بەو شێوەش لە کتێبەکەیدا هاتۆتە خوارەوە: [وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ، وأن محمداً رسولي وأنّ

منتدى إقرأ الثقافي

علياً أمير المؤمنين].[1] واتا: کاتێ خوای تۆ هەر لە پشتی باوکیانەوە کە ئادەم بەڵێنی لەنەوەکانی ئادەم وەرگرت و بە شاهێدی گرتن لەسەر خۆیان کە لێیان پرسی ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ و ئایا (محمد) نێردراوی من نیە؟ و ئایا (عەلی) ئەمیری ئیمانداران نیە؟ ئەمە لە کتێبی (اصول الکافی)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٤١٢)دا هاتووە.

(کولەینی) لە تەفسیری ئایەتی [فالذين آمنوا به (يعني الإمام) و عزروه ونصروه واتبعوا النور الذي أنزل معه أولئك هم المفحلون].[2] واتا: (ئەوانەی باوەڕیان بە (إمام) هێنا و پشتیان گرت و سەریان خست و شوێن ئەو ڕۆشناییە کەوتن کە دەگەڵی بوو ئا ئەوانە سەرکەوتوون). دەڵێ: ئەوانەی کە دوورکەوتن لە (الجبت والطاغوت) و لە پەرستنی، ئەمە قسەی (کولەینی)یە ئینجا دەڵێ (الجبت والطاغوت) فلأن و فیسارن. ئەمەش لە (اصول الکافی)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٤٢٩)دا هاتووە.

---

(١) ڕاستی ئایەتەکە بەم شێوەیە: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ﴾ [الأعراف: ١٧٢].

(٢) ڕاستی ئایەتەکە بەم شێوەیە: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ [الأعراف: ١٥٧].

منتدى إقرأ الثقافي

سەرنج دە (الكافی) ناوی ئەو دوو (طاغوت)ە یا (جبت وطاغوت)ە ناهێنێ لەبەر ئەوە لە کاتێك نوسیویەتی لاواز و بێ هێز بوون. (محمد کوڕی یعقوبی کولەینی) دەڵێ (فلان و فیسار) بەڵام (المجلسی) شێخی دەوڵەتی سەفەوی لە کاتی دەسەڵات و هێزدایە دەڵێ: هەروەك لە کتێبی (بحار الأنوار)، بەرگی(٢٣)، لاپەڕە (٣٠٦)دا هاتووە: مەبەست لە فلان و فیسارەکەی (کولەینی)(ئەبی بەکر و عومەر)ە. لەبەر ئەوە (المجلسی) (ئەبوبەکر و عومەر) بە دوو شەیتان دادەنێ، پەنا بە خوای باڵا دەست. لە تەفسیری ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾دا هاتووە گوتیان: شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، ﴿خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾ دەڵێن قەسەم بە خوا ویلایەتی فلان و فیسارە. هەروا لە (أبی عبدالله) دەگێڕنەوە کەوا گوتویەتی: [وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ في ولاية علي وولاية الأئمة من بعده فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا][1] [الأحزاب:٧١]. واتە: ئەوەی بە گوێی خودا و پێغەمبەرەکەی بکا لە جێنشینایەتی (ولاية) (عەلی) و پێشەوایەکانی دوای ئەو، ئەوا بەسەرکەوتنێکی گەورە سەرکەوتووە. گوتی بەوشێوە ئەو ئایەتە دابەزیوە، ئەمەش لە (أصول الكافي)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٤١٤)دا هاتووە. ئەوەی دەیەوێ

---

[1] ئایەتە ڕاستەکە بەو شێوەیە: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب:٧١].

منتدى إقرأ الثقافي

زیاتر بچێتە ناو ئەو بابەتە با بگەڕێتەوە سەر ئەو کاسێتەی کە ناوی (الشیعة والقرآن الکریم)ە.

هەروەها لە (أبی عبدالله)(سەلامی خوای لێبێ) دەگێڕنەوە کەوا گوتویەتی: جوبرائیل بۆ لای پێغەمبەر دابەزی (دروودی خوای لێبێ) ئەو ئایەتەی بۆ هێنا بەو شێوەیە: [یاأیها الذین أوتوا الکتاب امنوا بما نزلنا في علي نورا مبینا][١] [النساء: ٤٧] واتە: ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ هاتووە، باوەڕ بێنن بەوەی دەربارەی (عەلی) هاتۆتە خوار کە ڕۆشنایەکی ئاشکرایە. سەرنج دە (أصول الکافي)، بەرگی (٧)، لاپەڕە (٦٦)دا هاتووە. ئاسەوار و فەرموودەیان زۆرە دەربارەی تانە و تەشەر دان لە (ئەبوبەکر و عمر) کە کتێبی خوایان گۆڕیوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە شیعەی پێ شەرمەزار دەبێ، ئەمن ئەو پرسیارە لە ئاقڵ مەندانی شیعە دەکەم تا لێی بکۆڵنەوە، ئەگەر (ئەبوبەکر و عمر) ئەو ئایەتانەیان گۆڕیوە؟ لەبەرچی (عەلی کوڕی ئەبی تالب)(خوا لێی ڕازی بێ) دوای ئەوەی بوو بە خەلیفەی موسڵمانان ڕاستی نەکردنەوە و کارەکەی ڕوون نەکردەوە و ئاشکرای

---

[١] ڕاستیەکەی بەو شێوەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا﴾ [النساء:٤٧]

منتدى إقرأ الثقافي

نەکرد؟ لەبەرچی لە کاتی خیلافەتی خۆی و دوای مردنی ئەو دوو خەلیفەیە باسی نەکرد؟ بۆچی نەیگوت (ئەبوبەکر و عمر) ئەو قورئانەیان گۆڕیوە و راستەکەی ئەوەیە و ئەوەیە؟ بەو جۆرە لە دینی خوا هاتووە؟ بۆچی ئایەتەکانی نەگێڕاوە کاتی دابەزاندنی خۆی؟ ئەمە فەرزترینی فەرزانە لەسەری کە دەست تێوەردانی کتێبی خوا بگێڕێتەوە سەر راستەقینەی سەرەتای خۆی دوای مردنی (ئەبوبەکر و عمر) کە دەستیان لە کتێبی خوا وەردا هەروەك شیعە و زانایانی شیعە باوەڕیان وایە بۆچی وای نەکرد (خوا لێی رازی بێ)؟ ئەمە پێویستی بە وەڵامە.

٣٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی) لە کتێبی (مقاصد الطالبين)، لاپەڕە (٨٨، ١٤٢، ١٨٨)دا چاپی بەیروت دا، هەروەها (الأربلی) لە کتێبی (کشف الغمة)، بەرگی (٢)، لاپەڕە (٦٦) و (المجلسی) لە کتێبی (جلاء العیون) لاپەڕە (٥٨٢)دا دەڵێن: (ئەبو بەکری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالب) یەك لەوانە بوو کە لە کەربەلا کوژرا، سەرنج دە و تێڕامینێ ئەو سێ شیعەیە لە کتێبەکانیاندا باسیان لەوە کردووە کەوا (ئەبوبەکری کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالب) لەو کەسانە بووە کە لە (کەربەلا)دا کوژراون لەگەڵ (حسێن)ی برای (خوا لێیان رازی بێت). هەروەها کوڕی (حوسێن)یان لەگەڵ کوژرا کە ئەویش ناوی (ئەبوبەکر) بووە، هەروەها (محمد الأصغر) کە نازناوی

منتدى إقرأ الثقافي

(ئەبوبکر) بوو هەر هەموویان لەگەڵ (حسێن) کوژران. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، لەبەرچی شیعە ئەو راستیە لە شوێن کەوتوانیان دەشارنەوە و مەلاو عەمامە بەسەرەکانیان تەنها تیشك دەخەنە سەر کوژرانی (حسێن)؟ هەر لەبەر ئەوەیە کە ناویان (ئەبو بەکر) بووە و بەردەوام لە دەوری ئەوەن ئەو کەڵە پیاوە بە کافر دابنێن (خوا لێی رازی بێت)، وەڵامی ئەو پرسیارەشمان دەوێ.

٣٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: لە کاتی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) خەڵکانێك هەبوون لە ژیانیاندا تەنیا جارێك پێغەمبەریان دەدی و دوایی دەگەڕانەوە جێ و رێی خۆیان ئەمەشیان بە (متواتر) لە کتێبەکانی سوننە و شیعەدا هاتووە. هاوەڵێك یا پیاوێك دەهات یەك جار پێغەمبەری دەدیت و دەڕۆیی و جارێکی تر نەدەهاتەوە لای، ئەوانە کە دەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان و نەدەهاتنەوە تا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد یان بە خۆیان مردن، هیچیان گوێیان لە باسی (پێشەوایەتی و جێنشینایەتی) (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) نەبووە و گوێشیان لە پێشەوایەتی کوڕەکانی و نەوەکانی نەبووە، ئێستا من دەپرسم، ئایا ئیسلام بوونیان ناتەواو بووە؟ ئەگەر زانایانی شیعە بڵێن: بەڵێ! پێیان دەڵێین: ئەگەر وابێ: ئەوا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) یەکەمین کەسێکە کە دەبوایە ئیسلامەتیەکەیان بۆ راست کاتەوە و پێشەوایەتی یان لە دانیشتنی

منتدى إقرأ الثقافي

یەکەمی دا بۆ روون کاتەوە تا بەو حاڵەوە نەمرن کە روکنێکی گەورەی وەکو (إمامة)یان کەم بێ. بۆ پێغەمبەرێك نابێ ئەو پایە گەورەیە بشارێتەوە، لە کاتێکدا دەزانێ کە ئەو شوانە یا ئەو عارەبە دەشتەکیە جارێکی دی ناگەرێتەوە لای، نابینین کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) شتی وای کردبێ یان پێی گوتبن، ئەمەش بەلگەی ئەوەیە کەوا (إمامة) روکنێك نیە لە روکنەکانی ئەو ئاینە.

٤٠- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە و زانایانی شیعە ناتوانن، من رەشۆکیەکانیان نادوێنم لەبەر ئەوەی ئەوان لاسایی دەکەنەوە و شوێن زاناکان دەکەون و زۆرێك لە راستگۆیی و دڵسۆزیان تێدایە. من کاتێك قسە دەکەم رووی قسەم دەکەمە مەلا و مێزەر بەسەرەکانیان کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو هەژارانە، دەڵێم شیعە ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان) بەڵێن و پەیمانیان داوە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) لە ((بن دارەکە)) خوای گەورەش هەواڵی داوە کەوا لەوان لە هەر هەموویان رازییە و ئاگای لە حاڵی ناو دڵیشیانە. لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾[الفتح:١٨]. واتە: بەراستی خوا لەو ئیماندارانە رازی بوو کە پەیمان و بەڵێنیان بە تۆدا ئەی محمد (لەبن دارەکە) و سا ئاگای لە حاڵی ناو دڵیشیان

منتدى إقرأ الثقافي

هەبوو ئۆقرەیی دابەزاندە سەر دڵیان و لە پاداشتی ئەوە سەرکەوتنێکی نزیکی پێ بەخشین.

کەوابوو خوای گەورە لەو سێ هاوەڵە رازی بووە، ئاگاشی لە باوەڕ و یەکخواپەرستی و پاکی و راستگۆیی دڵیان هەبووە (خوا لێیان رازی بێ) جا چۆن لەوەدوا زانایانی شیعە کوفر دەکەن و بە هەواڵی خوا و پێچەوانەی ئەو دەڵێن؟ وەك ئەوە وایە بڵێن: خوایە تۆ حاڵی ئەوان نازانی و ئێمە دەیزانین، ئێمە دەزانین کە ئەوان زندیقن و لە دین دەرچوون و دینی تۆیان گۆڕیوە تۆش ئاگات لێ نیە: پەنا بە خوای بالادەست، ئەمە تێکەڵی و پرسیارە پێویستی بە وەڵام هەیە.

٤١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: زانایانی شیعە زۆر دووبارەی دەکەنەوە لە کتێبەکانیاندا دەربارەی کوژرانی (حسێن) (خوا لێی رازی بێ) کەوا بە تینوانی لە شەڕدا مردووە. لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە کە گوتویەتی: (یا شیعتي کلما شربتم الماء تذکروني) أو (کلما تشربوا الماء فاذکروني). واتە: هەر کە ئاوتان خواردەوە منتان وەبیربێتەوە . لەبەر ئەوەی دەبینی شیعە لەسەر ساردکەرەوەی ئاوەکان ئەو رستەیە دەنووسن (إشرب الماء وتذکر عطش الحسین)، واتە: ئاو بخۆوە و تینواتی (حسێن)ت بیربێتەوە. باشە ئەمە قسەیەکی جوانە پرسیار و تێکەڵیەکە لێرەدا ئەوەیە: بە پێی تێگەیشتن و بۆچوونی شیعە ئەگەر پێشەوایەکان غەیب (نادریار)

منتدى إقرأ الثقافي

دەزانن، ئایا (حسێن) نەیدەزانی لە کاتی شەڕ پێویستی بە ئاو دەبێ؟ ئایا نەیدەزانی لە تێنوان دەمرێ؟ بەو شێوەیە دەیتوانی بڕێ ئاو بۆ شەڕ دابین کا! بۆ وای نەکرد؟ ئەمە پێویستی بە وەڵام هەیە.

٤٢- ئاینی ئسلام لەسەردەمی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ) تەواو بوو بە بەڵگەی ئایەتی ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾ [المائدة:٣]، واتا: ئەمرۆ ئایینەکەم بۆ تەواو کردن. ئاینزای شیعە دوای مردنی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ) پەیدا بوو، وەڵامێکی روون و ئاشکرای بەڵگەدارمان بە بنچینە و جێگیرە زانستییەکان لەسەر ئەو کارە دەوێ، خوای پاك و بێ وێنە دەفەرموێ ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾ [المائدة:٣].

شیعە و بۆچوونی شیعە تا دوا کۆچی دوایی پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێ) پەیدا نەبوو؟ چۆن ئەو تێکەڵیە روون دەکرێتەوە؟

٤٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر (عەلی)و دوو کورەکەی (حسن و حسێن)(خوا لێیان رازی بێت) ئەو هەموو شتە موعجیزە ئاسایانەیان هەیە کە لە کتێبەکانیان دەگێڕنەوە لەوەی کە ئێستا سوودیان پێ دەگەیەنن لە کاتی مردنیشیان هەروەك وا دەزانن (عەلی و حەسەن و حوسەین) لە ناو گۆڕەکانیشیان سودیان بۆیان هەیە و شتی نائاسایی ئەنجام دەدەن! پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی سوودیان

منتدى إقرأ الثقافي

بـۆ خۆیـان نـەبوو لـە کـاتی ژیانیانـدا؟ بینیمـان کـەوا کاروبـاری خیلافەتی بـۆ رێـك نـەبوو، ئینجا کوژرا و (حسـن)یش هـەروا ناچار بـوو لـە (خیلافـە) بێتـە خـوارەوە بـۆ (معاویـە) کـە لای شـیعە گـەورەترین زندیقـە، زۆرێـك لـە زانایـانی شـیعە پێیـان لـە شـەیتان خراپترە، بۆچی بـۆ (معاویـە) دێتـە خـوارەوە؟ بینیمـان کـە (حسـێن) تەنگی پێ هەڵچنرا و دوایی کوژرا (خوا لێی رازی بێ) و نەگـەیی بـە ئاواتەکەی، هەروەها شوێن کەوتوەکانیشی دوای خۆی؟ لە کوێ بـوون ئەو کارە موعجیزە ئاسایانە؟ ئەمەش دژایەتی یەکتریە.

٤٤- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: چۆن پێغەمبەری خوا لە نێوان (ئەبوبەکر و عمر) دەشاردرێتەوە لە گۆڕدا، کاتێ لـە نـەزەری شیعە ئەو دووانە کـافرن؟ موسـڵمان خـۆ لـە نێـوان کافرانـدا ناشـاردرێتەوە، چۆن پاکترین کەس و بـەرێزترین کـەس باشـترین کەسێ پـای ناوەتـە سـەر زەوی (محمـد)ە (دروودی خـوای لێبـێ) لـە نێـوان دوو کـافردا دەنێـژرێ، ئەمـە چـۆن دەبـێ و چـۆن خـوای گـەورە لـە هاوسـێیەتی کـافران نەیپاراسـتووە؟ چـۆن خـوای گـەورە خۆشەویسـتەکەی دۆسـتە تایبەتە نزیکەکەی (درودی خوای لێبێ) نەپاراست لەوەی لە نێوانی ئەو دووەدا بنێژرێ؟ دوایی (عەلی) لە کوێ بـوو (خـوا لێـی رازی بـێ) شێری شێران تا بەر لەو کارە بگرێ؟ چۆن پێشی لـەو کـارە نـەگرت و بەرگری لێ نەکرد و شەڕی لەسەر نەکرد؟ ئاخر چۆن دەبێ لـە نێـوان

منتدى إقرأ الثقافي

دوو کافر و بێ بڕوا بشێردرێتەوە (بنێژرێ)، شەریعەتیان گۆڕی و قورئانیان گۆڕی و هەڵگەڕانەوە دوای مردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) چۆن (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) بێ دەنگ بوو لەسەر ئەم هەمووو شتە؟ ئەمە تێکەڵێ و پرسیارێکی گەورەیە پێویستی بە روونکردنەوە و بەڵگەی ئاشکرا هەیە!

٤٥- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: زانایانی شیعە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا (دەقی قورئانی) لە سەر (إمامة)ی (عەلی) (خوا لێی رازی بێ)و شایانتری ئەو لەوانی دی جێگیر بووە لە قورئاندا، بەڵام هاوەڵان (صحابە) ئەوەیان شاردۆتەوە، بن بزریان کردووە، ئەمەش بانگەوازێکی ناهەقە. لەبەر ئەوە هاوەڵانی پێغەمبەر خۆیان ئەو فەرموودانەیان نەشاردۆتەوە کە شیعە وەك بەڵگە دەیهێننەوە بۆ (إمامة)ی (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) وەك: فەرموودەی ((انت بمنزلة هارون من موسی)) واتا: تۆ بۆ من وەکو هارونی بۆ موسا. زۆر فەرموودەی تریش وەکو ئەوە. بۆچی هاوەڵان ئەو فەرموودەیان نەشاردەوە، وەك چۆن ناوی (عەلی)یان شاردەوە لە قورئانی پیرۆز. بەڵگەش دەبێ لە قورئانی خوای بالادەست بێ. ئەمەش پێویستی بە روونکردنەوە و بەڵگە هەیە.

٤٦- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: هەروەك (ئەبوبەکر و عومەر)(خوا لێیان رازی بێت) وەك شیعە دەڵێن سەرکەوتن لە

منتدى إقرأ الثقافي

هەوڵی لادانی (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) لە خیلافەت، بە چەند هەوڵێکی پیس، جا ئەو دەستکەوت و بەرژەوەندیانە چین کە بەدەستیان هێنا؟ (ئەبو بەکر و عومەر) چیان دەسکەوت لەو کودەتایە؟ بۆچی (ئەبو بەکر) یەکێك لە کوڕەکانی خۆی لە جێی خۆی دانەنا وەك (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) کردی ئەگەر ئەوانە دنیا و دەسەڵاتیان ویستبا بۆچی کوڕەکانیان لە جێی خۆیان دانەنا هەر یەك لە (ئەبو بەکر و عومەر)(خوا لێیان رازی بێ) وەك ئەوەی پێشەوا (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) وای کرد. ئەمە پرسیارێکە پێویستی بە وەڵام هەیە.

٤٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە دەگێڕنەوە لە (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) کەوا چووە ناو هاوەڵانی و بەغەمباریەوە هەناسەی هەڵکێشا و گوتی: ((کیف أنتم وزمان قد أضلکم، تعطل فیه الحدود ویتخذ المال فیه دُوَلا ویُعادی فیه أولیاء الله ویُوالی فیه أعداء الله، قالوا: یا أمیر المؤمنین فان ادرکنا ذلك الزمان؟ فکیف نصنع؟ قال علیه الرضوان والرحمة: کونوا کاصحاب عیسی -علیه السلام- نشروا بالمناشیر وصلبوا علی الخشب ثم قال: موت فی طاعة الله خیر من حیاة فی معصیة الله)) واتە: ئێوە چۆن دەبن لەزەمانێك سێبەرتان بەسەر دادەکات کە حوکمی تۆڵەکان تیایدا لە کار دەخرێ و ماڵ و سامان لەدەست چەند کەسێك دەبێ و دژایەتی دۆستانی خوا دەکرێ

منتدى إقرأ الثقافي

و دۆستایەتی دوژمنانی خوا دەکرێ. گوتیان ئەی ئەمیری ئیمانداران باشە ئەگەر گەیشتینە ئەو کاتە چی بکەین؟ فەرمووی (خوا لێی رازی بێ): وەك یارانی عیسا بن (سەلامی خوای لێ بێ) بە مشار لەت دەکران و بە دار هەڵدەواسران. ئینجا فەرمووی: مردن لەناو گوێڕایەڵی خوادا باشترە لەژیانێك لەناو لە خوا یاخی بووندا. قسەکەی کۆتایی پێ هات (خوا لێی رازی بێ). ئەمەش لەکتێبی (نهج السعادة)، بەرگی(٢)، لاپەرە (٦٣٩)دا هەیە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئەمە لەگەڵ (تقیة)ی شیعەدا چۆن یەك دەگرێتەوە؟ لەبەرچی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) پێشەوای (معصوم)ی یەکەمی شیعە فەرمانی بەشوێن کەوتوانی دەکات کە ئارام بگرن تا ئەوکاتەی ئەگەر بە مشاریش دوولەت دەکرێن و هەڵدەواسرێن ئینجا بڵێت: مردنێك لەسەر فەرمانی خوا چاکترە لەژیانێکی ناو سەرپێچی کردنی خوا. ئەمە لەکوێ (توقیە)ی شیعە لەکوێ؟! (تقیة) بریتییە لە خۆ دەرنەخستن بۆ دەوروبەر وەك ئەوەیە لەسەرەوە بەجۆرێك خۆپیشان دەی و لەناوەوەش شتێکی تر حەشار بدەی.

٤٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: چی (ئەبو بەکر)ی ناچارکرد لە کۆچکردنی پێغەمبەردا ببێ بەهاوڕێی؟ ئەگەر دووڕوو بووایە وەك شیعە دەڵێن (خوا لێی رازی بێ). بۆچی هەڵهات لەبەر کەس و کارە کافرەکانی؟ لەکاتێك ئەوان دەسەڵاتدار و سەربەرز بوون لە

منتدى إقرأ الثقافي

مەککە ئەگەر دووڕوویەکەی لەبەر بەرژەوەندیەکی دونیایی بووایە (لەبەر ئەوەی شیعە دەڵێن لەبەر هەندێ بەرژەوەندی دنیایی دەرچووە لە مەککە) ئەوا پێیان دەڵێین (ئەبو بەکر) لەوکاتە ڕەچاوی کام بەرژەوەندی دەکرد؟ لە کاتێك پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) بە تەنها و بە ترسەوە دەرچوو، ڕەنگە تووشی کوشتنیش بووایە بەدەستی ئەو کافرانەی باوەڕیان پێ نەهێنابوو. ئەمە پێویستی بە بەڵگە هەیە! (ئەبو بەکر)(خوا لێی ڕازی بێ) تاوانبار دەکەن بەوەی بە دووڕوویی لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) دەرچوو، چی وای لێ کرد و ناچاری کرد دەربچێ؟ لەگەڵ کەسوکار و کوڕان و ئامۆزا کافرەکانی مابایەوە باشتر نەبوو؟ دەڵێن نا؟ بۆ دەستکەوتی دنیایی دەرچووا ئەو دەستکەوتە چی بوو لە پێناویدا دەرچوو لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)؟ هیچ بەرژەوەندیەکی دیار و ئاشکرا نیە بۆ ئەو دەرچوونە؟

٤٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر هاوەڵان (أصحاب) دوای مردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام! وەك زانایانی شیعە دەڵێن: جا چۆن شەڕیان کرد لەگەڵ هەڵگەڕاوەکانی شوێن کەوتەی (موسەیلەمەی کەزاب) و (طولەیحەی کوڕی خوەیلد) و شوێن کەوتوانی (ئەسوەدی عەنسی) و (سەجاح)و هی تریش، گێڕایانەوە سەر ئیسلام. بۆچی ئەو بێ باوەڕانەیان

منتدى إقرأ الثقافي

سەرنەخست و یاریان نەکردن ئەگەر هەڵگەڕابوونەوە و وەکو ئەوانیان لێ هاتبوو. بۆ (موسەیلەمەی کەزاب و سەجاح و ئەسوەدی عەنسی)یان بەسەرنەخست کە داوای پێغەمبەرایەتیان دەکرد. ئەمە پرسیارێکە و پێویستی بە وەڵامێکی زانستی پتەو هەیە.

٥٠- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بینیمان کەوا (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) دوژمنەکانی کافر نەکرد هەتا (خەواریج)یشی بە کافر دانەنا ئەگەرچی شەڕیشیان لەگەڵ کرد و ئازاریان داو بە کافریشیان دانا. بۆچی شیعە شوێنی ئەو ناکەون لەو سیفەتەدا؟! هەر ئەوانن باشترین هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)و هەتا خێزانەکانیشی کە دایکی ئیماندارانن بە کافر دادەنێن (خوا لێیان رازی بێت)، کەچی (عەلی) کەسێکی بە کافر دانەنا، نە لەوانەی شەڕیان لەگەڵ کرد و نە لەوانی تریش بەڵکو لە هەندێ ئەسەردا هاتووە کە پرسیاریان لێ کردووە دەربارەی (خەواریج) گوتیان ئەی بابی حەسەن ئەوانە چین؟ کافرن؟ فەرمووی (خوا لێی رازی بێ): نەخێر، لەبەر کوفر رایان کرد! گوتیان کەوابێ دووڕوون؟ گوتی: نەخێر، دووڕووان کەم یادی خوا دەکەن. گوتیان ئەی باشە چی دەربارەیان دەڵێی ئەی باوکی (حەسەن و حوسەین)؟ فەرمووی براماننن، زوڵمیان لێ کردین. سوێند بە خوا شەڕیان لەگەڵ ناکەین تا

منتدى إقرأ الثقافي

شەڕمان لەگەڵ نەکەن. شیعە باشترین کەسانێ دوای پێغەمبەرانی خوا کافر دەکەن کە هاوەڵانی پێغەمبەرن (درووودی خوای لێبێ).

٥١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بە رای سوننە و شیعە (عومەری کوڕی خەتاب)(خوا لێی رازی بێ) راوێژی بە (عەلی) دەکرد لە زۆر شتدا. ئەمەشیان لە کتێبی (نهج البلاغة)، لاپەڕە(٣٢٥)دا هەیە و لە لاپەڕە(٣٤٠)یشدا هەیە بە لێکۆڵینەوەی (صبحی صالح). ئەگەر(عومەر) ستەمکار بووایە وەك شیعە دەڵێن راوێژی بە ئەهلی هەق نەدەکرد! لەبەر ئەوەی زاڵم هیچ کاتێ هەقی قبوڵ نییە. دوایی بۆچی (عەلی) راوێژکاری ئەو زاڵمە بووە؟ تێکەڵی و پێکەڵییەکی زۆرە پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوە و گەڕانەوە هەیە نەك هەروا کوێرانە رێ بکەین.

٥٢- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بە رێکەوتنی سوننە و شیعە لەسەر ئەو رایەی کەوا (سەلمانی فارسی) بە ئەمیر و فەرماندە داندراوە لەسەر (مدائن) لە دەورانی خەلافەتی (عومەری کوڕی خەتاب)(خوا لێیان رازی بێت) هەروەها (عەمماری کوڕی یاسر) بوو بە ئەمیر لەسەر شاری (کوفە) لەسەردەمی جێنشینایەتی (عومەری کوڕی خەتاب)(خوا لێیان رازی بێت). شیعەش لافی ئەوە لێ دەدەن کەوا (سەلمانی فارسی) و (عەمماری کوڕی یاسر) پشتیوانی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) بوون (خوا لێیان رازی بێ) لە شیعەی (عەلی)

منتدى إقرأ الثقافي

بوون. ئەگەر لای ئەوان (عومەر) هەڵگەڕاوەبا یان ستەمکاربا یان تێکدەر و ماف خۆر بووایە، بۆچی (عەممار و سەلمان) (خوا لێیان ڕازی بێ) ڕازی بوون بە ئەمیرایەتی کردن لە سەردەمی ئەو؟ بۆ گوێڕایەڵی بوون؟ ئایە دەبێ ستەمکار و هەڵگەڕاوەکان سەربخەن؟ خوای گەورەش دەفەرموێ ﴿وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ﴾[هود:١١٣]. واتە: مەیلتان بەلای ستەمکاراندا نەبێ دوایی دەچنە ئاگرەوە. ئەمە پرسیارێکە و پێویستی بە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە.

٥٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بە یەکێك لە شیعەکان گوترا، ئەی ئاقڵ مەندان و ئەوانەش بە دوای ڕاستەڕێدا دەگەڕێن، ئەو کۆمەڵەش کە دەتانەوێ لە پشت ئاڵای پێغەمبەرەوە بن لە ڕۆژی سەڵادا (قیامەت)! ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) فەرمانی نەکردووە بە هەڵبژاردنی هاوسەری باش و کچانیش بدەن بە پیاوی باش؟ بێ گومانە دەڵێ: بەڵێ پێی گوترا: (سونیەك دەیەوێ بەڵگە بێنێتەوە بۆ ئەو شیعە هەژارە ڕەشۆکیە) ئایا بۆ خۆت ڕازی دەبی کچ لە کوڕی زینا کارێك بخوازی؟ گوتی: پەنا بەخوا لەو کارە چۆن دەیکەم؟ پێی گوت: ئێوە دەڵێن یان زانایانی شیعە دەڵێن لە ناو کتێبەکانیاندا بە درۆ کەوا (عمری کوڕی خەتاب) کوڕی زینا کارێك بووە، ناوی (صهاك) بووە، ئەویش (بەهرانی) لە (کەشکۆل)، بەرگی

منتدى إقرأ الثقافي

سێهەم، لاپەڕە (٢١٢)دا باسی کردووە. هەروا زانای شیعە (نعمة الله الجزائري) لە کتێبەکەی بە ناوی (الأنوار النعمانية)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە(٦٣) بە هەموو بێ ئەدەبیەکەوە، دەڵێ: (عومەر) دڵی دانەدەکەوت مەگەر بە ناوی پیاوان نەبوایە (پەنا بە خوای بالادەست)، بەڵکو شیعە دەڵێن کچەکەی (حەفصە) دووڕوو بووە وەك باوکی و پیس و نەگریس بووە تا ئەوەی کافریش بووە. پرسیارەکە لێرە ئەوەیە: ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) ژن لە کوڕە زیناکەرێك دەخوازێ؟ پەنا بە خوا ئایا بۆ خۆی بە ژنێکی دووڕوو و پیس و خراپ ڕازی دەبێ؟ سوێند بەخوا بوختان هەڵدەبەستن بۆ پێغەمبەری خوا، ئەمە گرۆی مەلا و مێژەر بەسەرەکانی شیعە شتێك بۆ خۆتان پێی رازی نەبن چۆن بۆ پێغەمبەری بڕیار دەدەن و بە ڕەوای دەبینن؟ وەلامەمان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە؟

٥٤- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (مالیکی کوڕی ئەشتەر) یەکێکە لە گەورە هەوادارانی (عەلی)(خوا لێی رازی بێ)و لەوانەیە کە شیعە بە گەورەیان دادەنێن، دەڵێ: ئەی خەڵکینە، خوای بەرز و بالادەست (محمد)ی ناردە لاتان مژدەدەر و ترسێنەر بێ، کتێبێکی بۆ ناردن حەلاڵ و حەرام و فەرز و سوننەتەکانی تێدایە، دوایی بۆ خۆی بردەوە و ئەوەی لەسەری بوو جێبەجێی کرد، پاشان (ئەبوبەکر)ی لە جێی خۆی دانا، ئەویش لەسەر هەمان ڕێ و شوێنی ئەو ڕێی کرد.

منتدى إقرأ الثقافي

(ئەبوبەکر)یش (عومەر)ی لە جێی خۆی داناو بە هەمان رێ و شوێندا رۆیی و جێبەجێی کرد. ئەمەش لە کتێبی (مالك بن الأشتر خطبته و آراؤه)، لاپەڕە(٨٩)دا هەیە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: (مالکی کوڕی ئەشتەر) بە چاکە باسی (ئەبو بەکر) و (عومەر) دەکا و پێیاندا دەڵێ بەوەی کە لێیان دەوەشێتەوە، لەگەڵ هەندێ شیعە خۆیان لەوە دەبوێرن و لە دانیشتن و حوسەینیەکانیان باسیش ناکەن کە دانیشتنەکانیان خاڵی نیە لە جنێودان بە دوو شەیخەکە (ئەبوبوکر و عومەر) ئەو شاردنەوەیە بۆچی و لە پای چی؟

٥٥- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بۆچی شیعە پاکێتی و بێ گوناهی (عصمة) دەدەن بە (فاطمة)و نایدەن بە دوو خوشکەکەی (روقیە و ئوم کەلسوم) کە ئەوانیش دوو جگەر گۆشەی پێغەمبەری خوا بوون؟! (درودی خوای لێبێ) وەکو (فاطمة)، ئەمەش پرسیارە و پێویستی بە وەڵام هەیە.

٥٦- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: ئەگەر پرسیار لە شیعە کرا لەبەرچی (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) بێ دەنگ بوو لەسەر کێبڕکێی خیلافەت دوای مردنی پێغەمبەری خوا (دووردی خوای لێبێ) وەك دەڵێن دەقی لەسەرە؟ یەکسەر وەڵامیان بۆ ئەوە ئەوەیە: کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێ) ڕای سپاردووە کەوا لە دوای

منتدى إقرأ الثقافي

ئەو ئاژاوە نەنێنەوە و شیر لە کەس هەڵنەکێشن هیچ خوێنێك نەڕێژێ لەخوێنی موسلمانان. بەزانایانی شیعە دەڵێین: جا لەبەرچی (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) شیری هەڵکێشا بەڕووی ئەهلی (جەمەل) و(صفین)؟ کاتێ لەو شەڕانەدا بەهەزارەها موسڵمان تێدا چوون؟ کامەیان شایەنی شیر هەڵکێشان بوو، شایانی شەڕ لەگەڵ کردن بوو؟ ئەهلی (صفین و جەمەل) یا چەسپاندنی (إمامة) ئەگەرچی خەڵکیشی تێدا چوبا ئەمەش پێویستی بە وەڵام و بەڵگەی ئاشکرا هەیە.

٥٧- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لافی ئەوە لێ دەدەن کە پێشەوایانیان بێ گوناهن وەك پێغەمبەران (معصوم)ن، بەڕێککەوتن هاتووە و دەرکەوتووە کە ئەمە دژی هەڵسوکەوتیانە و راست نیە. بۆ نموونە (حسن ی کوڕی عەلی) پێچەوانەی باوکی بوو، کاتێ کە باوکی دەرچوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی داوای خوێنی ئیمام عوسمانیان دەکرد (خوا لێی رازی بێ). بێ سۆ یەکیان ڕاستەو ئەوی تر هەڵە. هەر دووکیان ئیمامی (مەعصوم)ن لای شیعە، ئەمە شتێکی سەیرە. هەروەها(حسین ی کوڕی عەلی) پێچەوانەی (حەسەن)ی برای بوو ڕای جیابوو لە دۆزی ئاشتەوایی لەگەڵ (معاویە)دا (خوا لێیان رازی بێ) بێ سۆ یەکیان ڕاستە و ئەوی دی هەڵە! سەیریش ئەوەیە هەر دوو پێشەوای بێ گوناهن (معصوم)ن لای شیعە.

منتدى إقرأ الثقافي

٥٨- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: کاتێ فەرموودەی خوا دابەزی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾[النساء: ٥٨]. واتە: بەڕاستی خوا فەرمان و پێ دەکا کە ڕاسپاردەکان بدەنەوە دەست خێوی خۆیان. پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) بانگی (بەنی شەیبە)ی کرد و کلیلی دەرگای کەعبەی پێدان و فەرمووی: ئەی (بەنی طلحە) وەری گرن تا هەتایە تا ڕۆژی پەسڵان (قیامەت) لە دەست ئێوەدا دەبێ و کەس ناتوانێ لێتان وەرگرێ مەگەر زاڵم نەبێ. باشە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) ئەمەی فەرمووە دەربارەی مجێوری کەعبە، ئەدی بۆ سەبارەت بە خیلافەتی عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) کە زۆر گەورەتر و گرنگترە و پەیوەندی بە هەموو موسڵمانانەوە هەیە شتێکی لەو بابەتەی نەفەرموو؟ هەتا بە ڕای ئەوان پەیوەندی بە ئیمانیشەوە هەیە، بۆچی بە (عەلی) نەگووت: ئەی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) ئەو پێشەوایەتیە وەرگرە بۆ خۆت و کوڕەکانت و نەوەکانت تا هەتایە ستەمکار نەبێ کەس ناتوانێ لێتان وەرگرێ. بۆ سەبارەت بەو کارە گەورەیە ئەو وتەیەی نەفەرموو بەڵام بۆ مجێوری کەعبەی فەرموو.

٥٩- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە باوەڕیان وایە کەوا (عەلی) دانەیەك لە دەست نووسی قورئانی لایە ڕێزکراوە بەپێی دابەزینی ئایەتەکان. پرسیارەکە ئەوەیە؟ (عەلی) (خوای لێ ڕازی بێ) دوای

منتدى إقرأ الثقافي

(عثمان) (خوا لێی رازی بێ) جێنشینایەتی وەرگرت بۆچی ئەو دانە قورئانەی دەرنەهێناو هەموو ئومەتی ناچار نەکرد تا لەسەری برۆن؟

٦٠- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بێ گومان (عەلی) (خوا لێی رازی بێ) لەدەورانی خەلافەتی (ئەبوبەکر)(خوا لێی رازی بێ) بەشداری شەڕی هەڵگەڕاوەکانی کرد جاریەیەکی بەرکەوت لە تالانی (دەست کەوتی شەڕ) بەنی حەنیفە، کوڕێکی لێ بوو ناویان نا (محمەدی کوڕی حەنەفیە). لێرەوە دەگەین بەوە کەوا (عەلی) خیلافەتی (ئەبوبەکر)ی پێ راست بووە دەنا چۆن بەشداری ئەو شەڕانەی کرد؟

٦١- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: شیعە لە چیرۆکە زۆرەکانیان دەربارەی (مهدی)یە نادیارەکەیان کە پێشەوای (دوازدەمینیانە) ئەویش (محمدی کوڕی حسن العسکری)یە دەڵێن کاتێ لە دایك بوو هەندێ باڵندە لە ئاسمانەوە هاتنە خوار بە باڵەکانیان سەر و دەم و چاو و هەموو لەشیان دەسڕیەوە! ئینجا دەفڕین! کە بە باوکیان گوت پێکەنی و گوتی: ئەمە فریشتەی ئاسمانن دابەزیون تا خۆیان پیرۆزکەن بەو مەلۆتکەیە و دەبنە پشتیوانیشی کاتێ دەردەچێ و پەیدا دەبێ ئەمەش لە کتێبی (روضة الواعظین)، لاپەڕە (٢٦٠)دا هاتووە. پرسیار لێرە ئەوەیە: ئەگەر فریشتە پشتیوانیە بۆچی

منتدى إقرأ الثقافي

ترساوە و خۆی لە ناو (سەرداب) شاردۆتەوە؟! وەڵاممان دەوێ بۆ ئەو پرسیارە.

٦٢- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: بەو شیعانە دەڵێین کە قەناعەتیان وایە خودا تەمەنی (مهدی)یەکەیانی درێژ کردۆتەوە بۆ سەدان ساڵ، لەبەر پێویستی خەڵکی بەو زاتە بەڵکو بوونەوەر هەمووی پێویستی پێیەتی! ئەگەر خوا تەمەنی یەکێکی درێژ کردایەتەوە لەبەر پێویستی خەڵکی ئەوا تەمەنی پێغەمبەری درێژ دەکردەوە ئەدی لەبەرچی تەمەنی درێژ نەکردەوە؟ تەنها لەبەر ئەوەی ئایین و شەریعەتەکەی تەواو بووە.

٦٣- پرسیارێکی دی و گرێیەکی تر: (عومەر)(خوا لێی رازی بێ) شەش کەسی دانا لە دوای خۆی تا هەڵیانبژێرن بە خەلیفە. سێیان وازیان هێناو دوایی (عبدالرحمن ی کوڕی عەوف)یش وازی هێنا. مایەوە (عثمان ی کوڕی عەفان) و (عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)(خوا لێیان رازی بێ)، دەی لەبەرچی هەر لەسەرەتاوە (عەلی)(خوا لێی رازی بێ) نەیگوت من داندراوم لەلایەن پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێبێ)، ئایا لە کەسێ دەترسا دوای مردنی (عومەر)(خوا لێی رازی بێ)؟

منتدى إقرأ الثقافي

ئەمە برایان ئەو برە پرسیار و تێکەڵیانە بوو کە توانیمان لەو مەزهەبە دژ بە یەکەدا بیخەینە روو، هیوام وایە ئاقڵ مەندانی شیعە بگەرێن لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بەشکو بیدۆزنەوە و بگەرێنەوە سەر ئەو هەقەی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) و کەسوکار و خانەوادەی بەرێز و پاکی پێغەمبەر لەسەری بوون، داوا دەکەم لە خوای بەرز و باڵادەست کە راگیرمان کا لەسەر دەست گرتن بە کتێبەکەی و سوننەتی خۆشەویست و دۆستە نزیکەکەی (دروودی خوای لێبێ). خوایە وامان لێ بکەی دوا وشەمان کاتی دەرچوونمان لەم دونیایە (لا إله إلا الله) بێ، ئەو رستە پاك و بێ گەرد و پیرۆزە، لە بەزەیی و سەخاوەتی ئەو زاتە ئومێدم هەیە کە گۆرەکانمان بکا بە مێرگێك لە مێرگەکانی بەهەشت و لە رۆژی سەڵا لە بن ئاڵای خۆشەویستەکەی و دۆستە نزیکەکەی (محمدی کوری عبدالله) لە نێوان یاران و کەسوکار و خانەوادەی پاکی ئەودا کۆ بکرێینەوە، بەراستی ئەو سەخی و دەستکراوە و بەخشندەیە.

سوپاس و پێزانینیش بۆ پەروەردگاری جیهانیانە.

٢٠١٢/٦/٩

١٤٣٣ك

منتدى إقرأ الثقافي

منتدى إقرأ الثقافي